ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
88
25 ی تەمووز / جولای 2024



## ئاسایشی یەکێتی و ڕۆڵی جەندەرمە!

موحسین کەریم

ڕۆژی ٢٢ی ئەم مانگە بڕیاربوو کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی و جەماوەری لە سلێمانی دژی هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێم ڕێپێوان و خۆپیشاندان بکەن، بەڵام لەلایەن ئاسایشی یەکێتیەوە، بەبیانوی ناسکی و هەستیاریی دۆخی ئاسایشی هەرێمەوە، ڕێگایان پێنادری. دواتر ئاسایش ئاگادار دەکەن کە دەیانەوێ ئێوارەی هەمانڕۆژ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ هەمان مەبەست لەبەردەم باخی گشتی ئەنجام بدەن، بەڵام کاتێک بەرەو شوێنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە بەرێدەکەون، دەبینن هێزێکی زۆری ئاسایش لەوناوەدا بڵاوەی پێکراوەو ڕێگا نادەن کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە ئەنجام بدرێ. بۆیە چالاکوانەکان بڕیاردەدەن بچە

بۆ لاپەڕە ٢



## کۆمۆنیزم و یەکسانیخوازی دەتوانێ بەر بە کوشتاری ژنان بگرێت!

ڕێبوار ئەحمەد

لاپەڕە ٣



## بەخشینەوەی ئومێد بەم هەڵبژاردنە خەتایە!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٦



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عبدالله محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب دەربارەی هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆناو کوردستانی عێراق!

بۆ لاپەڕە ٨



## بیمەی تەندروستی بۆ کرێکاران و هاووڵاتیانی کەمدەرامەتی کوردستان ئەرکی دەستبەجێی حوکمەتە!

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

بۆ لاپەڕە ١١



## چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهادین حاجی بەکر دارتاش (ڕێبوار عارف) دەربارەی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری!

بۆ لاپەڕە ١٢

※ بەیاننامەی حزب سەبارەت بە :
سکالا دژی بەهار عەلی .............. لاپەڕە ٧
※ بەیاننامەی حزب دەربارەی:
کەیسی ١٤ای ٧ی ٢٠٠٠ ..................لاپەڕە ١٤
※کاریگەری ڕێکەوتنی ئێران و عێراق ..
نوری بەشیر.....................لاپەڕە ١٥
※ عەسائیبی ئەهلی حەق و خوێندنی باڵا !
عوسمانی حاجی مارف ...........لاپەڕە ١٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......... ئاسایشی یەکێتی و ڕۆڵی جەندەرمە!

لای سەرا و لەوێ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیەکە ئەنجام بدەن، بەڵام لەویش دیسانەوە ڕووبەڕووی ڕێگری هێزەکانی ئاسایش دەبنەوەو دەکەونە بەر سوکایەتیپێکردن و لێدان و دەستگیرکردن و دوو کەس لە چالاکوانەکان بریندار دەکەن!

لەهەولێر خۆپیشاندان و چالاکی جەماوەری دژی دەوڵەتی تورکیا لەلایەن پارتیەوە ڕێگای پێنادرێ و خۆپیشاندەران دەستگیر و سەرکوت دەکرێن. پارتی بەئاشکرا و نەیشاردۆتەوە کە لەگەڵ تورکیادا بەرژەوەندی هاوبەشی هەیەو خزمەتکارێکی دەست لەسنگی دەوڵەتی کۆنەپەرست و فاشیستی تورکیایە. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانیش ئەم ڕاستیە دەزانن، هەربۆیە لەسەر ئەو هەڵوێستەی، نەفرەتێکی زۆر بەرامبەر بە پارتی لەناو خەڵکدا دەبینرێ! بەڵام یەکێتی، کە سەرۆکەکەی شانازی بە پەیوەندی خۆی و پەکەکەوە دەکرد، وێنەی خۆی لەگەڵ مەزلوم عەبدی بڵاودەکردەوە، دروشمی چوارپارچەی کوردستانی بەرزدەکردەوە و دەیوت " هەر کورد بووین و هەر کورد دەبین" و هەندێ ناسیونالیستی خۆشخەیاڵیش، کە هەندێکیان لەسەر ڕێبازی ئاپۆ خۆیان حساب دەکرد، لێیان بەڕاست وەرگرابوو، پڕوپاگەندەی" نیشتمانپەروەریی سەرۆک پاڤل"یان بڵاودەکردەوە، چۆنە وا هەمان ئەو کارەی پارتی دەمێکەیە بۆ تورکیای دەکات، ئێستا ئەویش دەیکات!!؟ چۆنە وا دوای ئەو هەموو "نیشتمان پەروەری و کوردایەتی" فرۆشتنە بە خەڵک، ئێستا ئاسایشی یەکێتی هەمان دەوری جەندەرمەی تورک دەبینێ لە سلێمانی! وتارە ئاگرینەکانی "سەرۆک"ە ئازاو چاونەترسەکە دژ بە تورکیا چییان بەسەرهات!؟

ئەگەر لە تورکیا خۆپیشاندان دژی هێرشی سوپای تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان قەدەغەبێت، تارادەیەک دەکرێ لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە پاکانە بکرێ. ئەوان دەڵێن ئێمە دەچین لە کوردستانی عێراق "شەڕی تیرۆر" دەکەین! ناکرێ دەوڵەتەکەت "شەڕی تیرۆر" بکات و تۆش دژی ئەو خۆپیشاندان بکەن. ئەمە ڕاستەوخۆ وەکو "پشتیوانی تیرۆر" هەژمار دەکرێ! بەنیسبەت پارتیشەوە، بەرژەوەندی گەورەی هەیە لەوەی ڕێگری بکات لەهەر جوڵە و چالاکیەک دژی تورکیا. ڕاستە تائێستا پارتی بەرەسمی ڕاینەگەیاندوە کە پەکەکە هێزێکی تیرۆریستە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەویش هەمان تێڕوانینی تورکیای هەیە بۆ پەکەکە. پارتی لە دوو لایەنەوە کێشەی جدی هەیە لەگەڵ پەکەکە. یەکەم، نزیکایەتی خۆی و دەوڵەتی تورکیا کە بۆ پارتی چارەنوسسازە. دووەم؛ کێشەی لەگەڵ پەکەکە لەسەر پرسی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. بەڵام ئایا یەکێتیش وەکو تورکیا و پارتی، پەکەکە بە هێزێکی تیرۆریست و مایەی کێشەو سەریەشە بۆ هەرێم دادەنێ، وا ڕێگانادات خەڵک دژی لەشکرکێشی سوپای دەوڵەتی فاشیستی تورکیا ناڕەزایەتی دەربڕن و وەکو جەندەرمە پەلاماری سادەترین چالاکی سیاسی، واتە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی چەند هەڵسوراوێکی سیاسی و جەماوەری دەدات!؟ ئایا بەراستی مایەی شەرمەزاری نیە بۆ هەموو ئەوانەی کە تەنها ڕۆژێک بەرگریان لەیەکێتی کردووە، ئاسایشی حزبەکەیان بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی( نەک ڕێپێوان و خۆپیشاندانی جەماوەری) کەسانێک دژی لەشکرکێشی ڕژێمی دڕندەو فاشیستی تورکیا بکات!؟

بێگومان ئێمە هیچ گومانمان لەناوەرۆکی پڕوپاگەندە "باوبڕ" و ناوبەتاڵەکانی یەکێتی و سەرۆکەکەی دژ بە تورکیاو "خائینەکان؛ واتە پارتی" نەبوو. ئەوان لە هەڵوێستی" نیشتمانی" یانەوە نەبوو کە دژی تورکیاو نۆکەرەکانی قسەیان دەکرد، بەڵکو لەناو ئەڵقەی خزمەتکاری ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا، وەکو هێزێکی ناوچەیی، ئەو هاتوهاوارەیان دەکرد. بەڵام ئێستا دۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. عێراق و تورکیا لەڕووی ئابوری- سیاسی- ئەمنیەوە زیاتر نزیکبوونەتەوە لەیەکتری، بێگومان بە ئاگاداری و ڕەزامەندی ئێران. بۆیە ئێستا بەرژەوەندیە سیاسیەکانی یەکێتی لەم چوارچێوە تازەیەدا خۆی بەرجەستەو زامن دەکات. ئیتر پەکەکە و کوردایەتی و نیشتمانپەروەری دوێنێ، کە سەرپۆشی نزیکایەتی یەکێتی بوو لەگەڵ ئێران لەبەرامبەر تورکیادا، ئەو پێگەو زەرورەتەی جارانی نەماوە! ئێستا ئیتر تورکیا دوژمنی کورد نیە و یەکێتیش وازی لە "ئامۆزاکەی؛ واتە پەکەکە" هێناوەو چوەتە ڕیزی خائینەکانی دوێنێوە!

☆

ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنووسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# کۆمۆنیزم و یەکسانیخوازی دەتوانێ بەر بە کوشتاری ژنان بگرێت!

ڕێبوار ئەحمەد

"سیستەمی حوکمڕانی بەرپرسیارە لە کوشتاری ژنان"! ئەمە ناوەرۆکی ڕاپۆرتێکە کە ڕێکخراوی ئەمینستی بەم دواییانە بڵاویکردوەتەوە. زیاتر لە سێ دەهەیە پێداگری دەکەین لەوەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەو ستەم و کۆیلایەتی و کوشتارەیە کە بەرۆکی ژنانی گرتوە. لەم بارەیەوە ڕۆشنگەریمان کرد، خەباتمان کرد و یەخەی حزبە دەسەڵاتدارەکانمان گرت، کەوتینە بەرامبەرکێ لەگەڵ کۆنەپەرستی ئیسلامی و تەنانەت لەم جەنگی بەرگریە لە مافی ژنان قوربانی گەورەمان دا. حزبە دەسەڵاتدارەکان و تەنانەت ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییانەی کە خۆیان وەکو لایەنگری مافی مرۆڤ دەناسێنن، لەئاست ئەم پێداگریەی کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی، تا توانیان گوێی خۆیان خەواند و چاویان لەئاست مەینەتیەکانی ژنان داخست. کاتێک ئەم فشارە گەیشتە ئەو ئاستەی بوارێکی بۆ چاونوقاند و گوێخەواندان نەهێشتەوە، حزبە دەسەڵاتدارەکان خۆیان وەکو لایەنگری مافی ژنان نیشاندا و فرمێسکی تیمساحیان بۆ قوربانیەکان هەڵوەراند. چەندین ساڵ خەبات و تێکۆشان و خوێنی هەزاران قوربانی ناموسپەرستی، ئینجا ئەوانی ناچارکرد بێنە پای قەدەغەکردنی کوشتنی ژن. بەڕواڵەت کوشتنی ژنانیان قەدەغە کرد، بەڵام کوشتارگاکە هەر بەردەوام بوو، چونکە دەسەڵات بەکردەوە لەپشتی بڕیارەکەی خۆی نەوەستا و هەنگاوی بەکردەوەی نەنا بۆ ڕاگرتنی ئەم ئۆقیانوسە لە تاوان.

لە ساڵی ١٩٩١ ەوە لەگەڵ ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شوراییدا، کۆمۆنیزم بە عەزمێکی بەهێزەوە ئاڵای یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوانی هەڵکرد و پەیگیرانە بۆی تێکۆشا. ئەوکات ئەم پەیام و ئاڵایە بەتەواوی تازە و بێوێنەبوو لە هەموو مێژووی کوردستاندا. ئەوکات کوشتنی دڕندانەی ژنان بە پشتبەستن بە نەریتی کوردایەتی ئاوێتە بە ئیسلام و یاسا کۆنەپەرستەکانی باری کەسێتی عێراقی، مایەی سەربەرزی و پاککردنەوەی شەرەف بوو. تەنانەت حزبەکانی بەرەی کوردستانی حوکمڕان، خۆیان بە بەهانەی ناموسپەرستی هەڵمەتێکی گەورەیان بۆ کوشتاری ژنان بەرێخست. لە سەرەتای ئەم بڕگە تازەیەدا ڕاوەستان دژی ئەم بەربەریەتە کارێکی سەخت و دژوار و مەلەکردن بوو بەپێچەوانەی شەپۆلەوە، چونکە دەسەڵات و سەرجەم حزبە بورژوازیە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان بەشانازیەوە لەپشتی کوشتن و کۆیلایەتی ژنان ڕاوەستابوون. جەنگی ئەم دوو بەرەیە هەتا دەهات بەرینتر و توندتر دەبووەوە و پانتایی کۆمەڵگای دەگرتەبەر.

لەدرێژەی ئەم ڕەوەندەدا بە دەستپێشخەری ژنانی کۆمۆنیست چەندین کۆڕوکۆمەڵ و دەستە و ڕێکخراوەی بەرگری لە مافی ژنان سەریان هەڵدا. لەوانە یەکێتی ژنانی شۆڕشگێر و دواتریش ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان. ئەم دەستە و ڕێکخراوانە لە پاڵ کۆمۆنیزم و ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەریەکانی تردا وەکو دیوارێک بۆ بەرگری لە مافی ژنان ڕاوەستان و مێژوویەکی خەباتکارانەی پرشنگداریان تۆمارکرد. ئەم خەبات و جەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتیە لە بڕگەیەکدا ئەوەندە قورسایی دروست کرد، کە ئەو دەسەڵاتە ژنکوژەی پێشتر خۆی بۆ شۆرینەوەی ناموسی پیاوسالاری هەڵمەتی ڕەشەکوژی ژنانی بەرپاکرد، ناچاربوو کوشتنی ژنان قەدەغە بکات.

دوای ئەو دەورە سەخت و دژوارە و هەڵخڕاندنی فەزای کۆمەڵگا بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان، هێزهاوسەنگی بەڕادەیەک گۆڕا کە حزبە بورژوازیە ناسیۆنالیستی و تەنانەت ئیسلامیەکانیش ناچاربوون کەوتنە پاکانە و خۆهەڵخستن وەکو لایەنگری مافەکانی ژنان. ئێستا ئیتر کوشتن و کۆیلایەتی ژنان لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا نەک هەر هەرجۆرە ڕەوایەتیەکی لە دەستداوە، بگرە مایەی نەفرەتە. بۆیە تەنانەت حزب و بزوتنەوە ناموستەپەرست و ژنکوژەکانیش، کە خۆیان و نەریتیان پاساودەری کوشتاری ژنانن، هەوڵی بێهودە دەدەن بۆ بێبەریکردنی خۆیان لەم دیاردە چەپەڵە. دوای هەمو ئەم کێشمەکێش و جەنگ و بەرامبەرکێ سیاسی و کۆمەڵایەتیە، تازە ڕێکخراوی لیبووردنی نێودەوڵەتی لوتفی فەرموەو هاتوەتە پای ئەوەی بەشێک لە قسەکانی ئێمە دوپات بکاتەوە و لە ڕاپورتەکەیدا دان بەو ڕاستیەدا بنێت کە دەسەڵات بەرپرسە لە کوشتاری ژنان. ئەم ڕاپۆرتە کە پەڵەیەکی شەرمەزاری دەنێت بە نێوچەوانی دەسەڵاتی بزوتنەوەی پیاوسالاری کوردایەتیەوە، لەهەمانکاتدا دەسکەوتێکی دیکە بۆ بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان تۆمار دەکات و فشار لەسەر ئەم دەسەڵاتە دیموکراسیە هاوردەکراوە ئەمریکاییە توندتر دەکاتەوە.

بۆیە کاری گەورەتر لێرەبەدوا دەست پێدەکات. ئەمە تەنها خاڵێکی تازە بۆ بزوتنەوەی یەکسانیخوازی دادەنێت و

دەبێتە سەرەتای دەورەیەکی تازە لە تاوادن بۆپێشەوە. هەڵبەت ئەوە زۆر جێگای داخە کە لە سەدەی ٢١دا و لە کوردستاندا هێشتا دەبێ بەشێکی زۆر لە خەباتی یەکسانیخوازی بۆ بەرگرتن بێت لە کوشتاری ژنان. هۆکارێکی سەرەکی ئەم دواکەوتنە، دابڕانێکە کە کەوتە خەباتی ئەو رەوەندەی لەم دەورەیەدا ئاڵای یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاوی هەڵکردبوو. پەلاماری سەرکوتگەرانەی حزبە عەشایەرەییەکەی تاڵەبانی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری ژنان، کە هەر ئەوکات بووە هۆی کوژرانی بەشێک لەو ژنانەی لە سەنتەری پارێزگاری پەنادرابوون، هاوکات قەدەغەکردنی هەڵسورانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و رێکخراوی سەربەخۆ، بۆشاییەکی گەورەی لە مەیدانی خەبات بۆ بەرگری لە مافی ژنان خوڵقاند. لەو بۆشاییەدا رەوتی پیاوسالاری و ژنکوژی دوبارە تەکانی بەخۆی دایەوە. هێرشی چەکدارانە بۆسەر رێکخراوێک کە خاوەن پرشنگدارترین مێژووە بۆ بەرگری لە مافی ژنان، هێرشی چەکدارانە بۆسەر یەکەمین سەنتەری پارێزگاری ژنان لە هەموو مێژووی کوردستان و تەنانەت ناوچەکەشدا، هێرشی چەکدارانە بۆ سەر نەرێت و حزبێک کە بۆ یەکەمجار لە هەموو مێژووی کوردستاندا ئاڵای یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوانی هەڵکرد، ئەوەندە تاوانێکی چەپەڵ و قێزەون و ملهورانەیە، کە مایەی شەرمەزاریە نەک هەر بۆ "کاریزما" و رابەری و کادر و دامودەزگاکان، بەڵکو تەنانەت بۆ هەموو ئەندام و لایەنگرێکی ئەم حزبە عەشایەری و پاوسالارە. حزبێک کە ئەم پەڵە پیسەی بە ناوچەوانەوە بێت هیچ کات لێی نایات وەکو لایەنگری مافی ژنان و دژایەتی کوشتاری نامووسپەرستانەی ژنان خۆی بنوێنێ.

بێگومان ئەم هێرشەو قەدەغەکردنی هەڵسورانی حزب و رێکخراوی ژنان، رۆڵی گەورەی هەبوو لەو دابڕانەی کەوتە رەوتی خەباتی یەکسانیخوازی ژنانەوە. بەڵام ئەمە هەرگیز نابێتە پاساوی گشت ئەو دابڕانە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لەدوای هێرشی ١٤ی تەموزی ٢٠٠٠ تائێستا و تا رادەیەکی زۆر ئەگەر نەڵێین ئەم مەیدانەی فەرامۆش کردوە، لەم مەیدانەدا پاشەکشەیەکی گەورەی کردوە. لە هاوشانی ئەمە و تا رادەیەکی زۆر بەکاریگەری ئەم مەسەلەیە، نەرێتی سۆسیالیستی و یەکسانیخوازی ژنان پەرتوبڵاو بووەوە. ئەمە بۆشاییەکی دروست کرد و لەو بۆشاییەدا نەرێتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تا رادەیەکی زۆر باڵادەستی پەیداکرد و بەشێکی بەرچاو لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنانی هەڵوشی. بەمجۆرە لەجیاتی خەبات و تێکۆشان و بەرامبەرکێ لەگەڵ سیستەمی پیاوسالاری و ئەو حزب و بزوتنەوانەی خۆیان و نەرێتیان لە پشتی کۆیلایەتی و کوشتاری ژنانەوەن، ئەو نەرێتە رەواجی پەیداکرد کە هەڵسوڕاوانی ژنان ببن بە راوێژکاری دەسەڵات و وەزارەتخانەکان. گوایە ئەم دەسەڵاتە و دامودەزگاکانی مەبەستیانە ژنان لە کۆیلایەتی و کوشتار رزگار بکەن، بەڵام دەرەقەتیان نایەن یان ناپەرژێن و ئاگاداری دۆخی ژنان نین و پێویستیان بەوەیە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان سەرنجیان راکێشن و راوێژیان بۆ بکەن و پێشنیاریان بخەنە بەردەم تا ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەن.

ئەم راپۆرتەی رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بەکورتی دەڵێ"ژنانی قوربانی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان، پشتیوانی ناکرێن و ناپارێزرێن، ژنانێکی زۆر روبەڕوی لێدان، دەستدرێژی و کوشتن دەبنەوە، بەڵام دادوەرەکان پشتیوانی لە پیاوانی تۆمەتبار دەکەن.حکومەتی هەرێمشکستی هێناوە لەوەی پیاوانی تۆمەتبار روبەڕوی یاسا بکاتەوەو پارێزگاری لە ژنانی رزگاربووی توندوتیژیی خێزانی بکات" ئەمە پەیامێکە بەر لە هەرشت بوار بۆ خۆشباوەڕی بە نەرێتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناهێڵێتەوە. چونکە بەتەوای چوارچێوەی ئەو نەرێتە تێدەپەڕێنێ کە دەیەوێ بە راوێژکاری بۆ دەسەڵاتێک مافەکانی ژنان مسۆگەر بکات، کە خۆی لە پشتی کۆیلایەتی و کوشتاری ژنانەوەیە. راپۆرتەکە وەکو ئەوەی دەیان ساڵە ئێمە دەیڵێین، راشکاوانە دەڵێ دەسەڵات بەرپرسە لەکوشتاری ژنان، دەسەڵات خۆی پشتیوانی لە ژنکوژان دەکات، دەسەڵات ژنکوژان روبەڕوی یاسا و سزا ناکاتەوە و شکستی هێناوە لە پاراستنی ئەو ژنانەی روبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە. ئەمە پەیامێکە راست و رێک دەڵێ لەجیاتی سەرقاڵی و بەهەدەردانی کات لە راوێژکاری بۆ ئەم دەسەڵاتە، پێویستە خەبات دژی ئەم کوشتارگایە ئاراستەی خودی دەسەڵات بکرێت و مافەکانی ژنان بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا بسەپێنرێ. بەڕاستی گوڵ لێرەیە و دەبێ لێرە سەما بکرێت!

لە سەدەی ٢١ دا هێشتا دەبێ بزوتنەوەی یەکسانیخوازی دژی کوشتاری ژنان بجەنگێ. هەڵبەت ئێستا بەزۆری سیناریۆکە وا دەنوێنێ کە ژنان خۆیان ئارەزوی خۆکوشتن و خۆ سوتاندن دەکەن!! خۆسوتاندن ئێستا بووە بە دیاردەیەک کە رۆژبەڕۆژ لیستی قوربانیەکانی هەڵدەکشێ. بێگومان ئەوە بەڵگەی پێویست نیە کە کەسێک دەستی بچێتە خۆسوتاندن مانای وایە لە دۆزەخێکدا دەژی لە خۆسوتاندن کارەساتبارترە. کەوایە پرسیار ئەوەیە؛ کێ تاوانبارە لەوەی ژنان لەم دۆزەخەدا دەژین و ناچار بە خۆسوتاندن دەبن؟ کێ فریای ئەو ژنانەی ناو ئەو دۆزەخە دەکەوێ بەرلەوەی دەست بۆ خۆسوتاندن بەرن؟! ئەمنستی شایەتی ئەوە دەدات کە ژنانی ناو ئەو دۆزەخە تەنانەت ناتوانن و جەسارەت ناکەن پەنا بۆ دادگاکان بەرن، چونکە دەسەڵات و دادگا پارێزگاریان لێناکات و ستەمکارانێک کە

پێویستە دادگایی بکرێن دەستیان ئاوەڵایە هەرچیەک بەسەر ئەو ژنانەدا بهێنن کە لە دادگا شکاتیان لێدەکەن. با بۆ ساتێک خۆکوژی و خۆسوتاندن لەولاوە دابنێین، ئەی کێ فریای ئەو ژنانە دەکەوێت کە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی و نەریتی بزوتنەوەی کوردایەتی لێیاندەدرێت، دەست و قاچیان دەشکێنن، تەمێ دەکرێن و سوکایەتیان پێدەکرێت و دەستدرێژی سیکسی دەکرێتە سەریان و بە هەزارویەک شێوە ستەمیان لێدەکرێت؟! لەوەش زیاتر لە دوتوێی ڕاپۆرتەکەشدا ئاماژە بۆ ئەوەش هەیە کە زۆرێک لە حاڵەتەکان لەبنەڕەتەوە خۆسوتاندن نیین، بەڵکو لەلایەن باوک و براو مێردەوە سوتێنراون و لەسەروی ئەوەشەوە ناچاردەکرێن لە ئیفادەکەیاندا بڵێن خۆمان سوتاندوە!! بەڕاستی کوردستانی دیموکراسی چ جەهەنمێکە بۆ ژنان؟! دەتسوتێنن و ناچاریشت دەکەن بڵێی خۆم خۆم سوتاندوە!

فریاکەوتنی ئەم قوربانیانە و بەرگرتن بەم بەربەریەتە ئەرکی کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی یەکسانیخوازیە. لەپێشدا ئەوە ئەرکی کۆمۆنیزمە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە و بچێتە جەنگی ئاپارتایدی جنسیەوە. کێشەی ژنان کێشەی پرۆلیتاریا و بزوتنەوەکەیەتی. ستەم لە دژی ژنان یەکێکە لە ڕێگاکانی بورژوازی بۆ ڕاگرتنی چینی کرێکار لە دۆخێکی دژوار و پەرتوبڵاو و لێکدابڕاو و پڕناکۆکیدا. بۆیە خەباتیش دژی ستەمکێشی ژنان لە بنەڕەتدا بەشێکە لە مەسەلەی ڕزگاری پرۆلیتاریا لە ستەمی سەرمایە.

جگە لە کۆمۆنیزم ئەوە ئەرکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی و ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە و فریای قوربانیەکان بکەون. نەبوونی ڕێکخراوێکی خەباتکاری ژنان کە کۆمەڵگا لە دژی ئەم ستەمکێشیە هەڵخرێنێ و بچێتە جەنگی ئەو دەسەڵاتەی کە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لەپشتی ژنکوژانەوە ڕاوەستاوە، بۆشاییەکی گەورەی لە کۆمەڵگا و مەیدانی سیاسیدا پێکهێناوە. ڕێکخراوێک کە درێژەدەری ئەو ڕێگایە بێت کە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان تا جێگایەکی هێناوە و بەتەواونەکراوی ماوەتەوە. پێویستی هاتنەمەیدانی ئەم ڕێکخراوە لەوە بەرجەستەترە کە بەڵگەی بۆ بهێنینەوە. بەڵام ڕەنگە پێویست بکات چەند قسەیەک لەسەر توانا و ئیمکانیەتی دامەزراندنی بکەین.

یەکەم فاکتەری یاریدەدەری بۆ ئەم مەبەستە، ئەزمون و خەبات و تێکۆشانی لە پێشینەی ئەم نەریت و بزوتنەوەیە و بەدیاریکراوی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانە. هەر ئەمە زۆر شت ڕوندەکاتەوە. چونکە ئیتر بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ئەو ئاستتەنگیەی نیە کە ڕۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی سەربەخۆ هەیبوو. نزیک بە ١٠ ساڵ ئەزمون و خەباتی ئەو ڕێکخراوە بۆخۆی بەرچاوڕۆشنیەکی گەورە دەدات بە هەڵسوڕاوانێک کە ئەمڕۆ بیانەوێ ڕێکخراوی ئەو نەرێتە بهێننەوە مەیدان. واتە وەکو ڕێکخراوی سەربەخۆ دامەزران و خەباتکردن و دادڕینی یەخەی ناسیۆنالیزم و ئیسلام، وەکو ئەو ڕێکخراوە هەڵخڕاندنی کۆمەڵگا، وەکو ئەو ڕێکخراوە جەنگین لە دژی هەرجۆرە کۆنەپەرستی و پیاوسالاریەک، وەکو ئەو ڕێکخراوە کارکردن و هەڵسوڕان و هێنانەمەیدانی ژنان و جەماوەری ئازادیخواز، وەکو ئەو ڕێکخراوە توڕهەڵدان لە هەر پاساوێک بۆ کۆیلایەتی و کوشتاری ژنان... هەر ئەمانە وەڵامی بەکردەوەی دەیان پرسیاری لەم بەباتەیە بۆ هەڵسوڕاوانێک کە ئەمڕۆ دەیانەوێ ئەم مەیدانە خاڵیە پڕبکەنەوە. لەڕوی ماتریاڵی ئینسانیەوە ئەمڕۆ ڕیزێک لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەم نەرێتە لە مەیداننن کە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی سەربەخۆ و کاتی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە، ئەزمونێکی زۆرتریان هەیە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا. بەشێکیان خۆیان کاراکتەری ناو ئەو ئەزمونە بوون و لەم چەند ساڵەشدا هەر لە مەیدان بوون. بەشێکیان هەرئێستا لە لوتکەی پرۆژە و دامەزراوەیی جۆراوجۆر بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان ڕاوەستاون و هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانن. ئەم بافتە لە هەڵسوڕاوان توانای ئەوەیان هەیە ڕێکخراوێکی خەباتکاری ئەمڕۆژی دامەزرێنن و ئەم بۆشاییە پڕبکەنەوە.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوە پێویستە ئەمڕۆیی بێت و ڕوانگەیەکی دروستی هەبێت سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ئەمڕۆی ژنان. ئێستا دۆخی ژنان و هەلومەرجەکە زۆر جیاوازە لەچاو چارەکەسەدەیەک لەمەوبەر. ژنانی کوردستان زۆر چاوکراوەترن و ئاستی چاوڕوانیەکانیان بەرزترە و لە ئاستێکی فراوانتردا لە چواردیواری ماڵ هاتونەتە دەرێ هەم بۆ خوێندن هەم بۆ کارکردن. سۆسیال میدیا دەرفەتی گەورەی داوە بەژنان هەم بۆ دەربڕینی ئاوات و ئارەزوەکانیان ڕوو بەکۆمەڵگا و هەم بۆ پەیوەندیگرتن و بارهاتن لەسەر زۆر کار و چالاکی. ئاستی ڕۆشنبیری و ڕۆڵی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پەرەیسەندوە، ژنان لە مەیدانی هەڵسوڕانی سیاسی و فەرهەنگیدا ڕۆڵیان پەیدا کردوە، بەجۆرێک لەگەڵ دەیان ساڵ لەمەبەردا لەبەراورد نایات. ئەو هەموو ئاڵوگۆڕەی لەم بوارانەدا پێکهاتوە زەمینە بۆ کاری ڕێکخراوێکی خەباتکار لەبارتر دەکەن. ڕێکخراوێکی ئەمڕۆژی پێویستە لەسەر بنەمای هەلومەرج و دۆخی ئێستای ژنان و کێشەکانیان پلانی خەبات دابڕێژێ.

ناوەڕاستی تەموزی ٢٠٢٤

**پێکهێنانی ڕێکخراوێکی یەکسانیخوازی ژنان پێویستیەکی دەستبەجێیە بۆ بەرگریکردن لە مافەکان و کەرامەتی ژنان!**

# بەخشینەوەی ئومێد بەم هەڵبژاردنە خەتایە!

## عوسمانی حاجی مارف

پاش دوو ساڵ لە چەقبەستن و دەرگیربوونی بارزانی و تاڵەبانی بۆ بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن، دواجار نێچیرڤان بارزانی فەرمانێکی هەرێمی دەرکرد کە وادەیەکی نوێی لە ٢٠-١٠-٢٠٢٤ دیاریکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان. لەهەمانکاتدا داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە.

ئەوەی شایانی باسە ئەمە پێنجەمین فەرمانی نێچیرڤان بارزانیە بۆ دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی کوردستان، کە دوو ساڵە ماوەی خولەکەی کۆتاییهاتووە.

بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی "سیستەمی کۆتا" بۆ کەمینەکان لە پەرلەمانی هەرێمدا کە لە مانگی شوباتی ساڵی ڕابردوودا دراوە، بووە هۆی ئەوەی زیاتر ئەو بابەتە ئاڵۆزتر بێت، بەتایبەتی ئەو ناڕەزایەتیە توندەی کە بارزانی دەریبڕی، بەڕاگەیاندنی بەشدارینەکردنی لە هەڵبژاردنەکاندا، دوای دەرچوونی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، پاش ئەوەی دادگا لە سەرەتای مانگی ئایاردا بڕیارەکەی هەموارکردەوە، دواتر بارزانی گەڕانەوەی بۆ بەشداریکردن پەسەندکرد.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەتوانین بڵێین ئاڵۆزی پرسی هەڵبژاردنەکانی هەرێم تەنیا پەیوەندی بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵەوە نەبووە، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە ململانێ و کێبڕکێی نێوان خودی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانیەوەیە، کە چەندین ساڵە شەڕی گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکانیان لەبەرامبەر یەکتردا دەکەن و هۆکاری فەراهەمهێنانی دۆخی بارگرژی و ناڕەحەتی گوزەرانی دانیشتوانی کوردستانی عێراقی لێکەوتۆتەوە. هەر لایەنێکیان لە هەر دەورەو دۆخێکدا بەدوای ئەو هەلەدا دەگەڕێن بەهەر بەهاو کردارێکی نامۆراڵی بێت، چۆن ئەتوانن و چۆن بۆیان دەلوێت نفوزو پێگەی هێزەکەیان لە ئاستێکی باڵاترا نیشان بدەن. ئەمەش لە دۆخی گێژاوی پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنەی ئێستادا کاریگەری زیاتری لەسەر پرسی دواکەوتنی ئەم هەڵبژاردنەو کێشەکانی نیشانداوە، بەڵام دواجار بارزانی ناڕەزایەتی دەربڕی بەرامبەر بە شێوازی دابەشکردنی کۆتاکان، کە بەو ناڕەزایەتیە توانی فشار خاتە سەر دادگای فیدراڵی و بڕیاری دادگای فیدراڵی لەسەر کوتاکان هەموارکرێتەوە، هەر لەم بارەیەوە بارزانی توانی بڕیارێک لە دادگای فیدراڵی وەربگرێتەوە، کە هەرێمەکە دابەش بکات بۆ ٤ کەرتی هەڵبژاردن، دابەشکردنی پشکەکەش بەسەرهەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆکە.

ئەوەی کە بۆمان ڕۆشنەو گومانی تیانیە، لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردودا هەرکاتێک بەبەشداری بارزانی و تاڵەبانی وەک دوو هێزی بنەماڵەو میلیشیا ئەو هەڵبژاردنە بەڕێوەبرابێت، ئاشکرایە کە نەتوانراوە هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە پێکهاتەی حکومەتی هەرێم و چۆنیەتی دەسەڵاتی زۆنی زەردو زۆنی سەوزدا پێشهاتبێت، بۆیە ناکرێت لە خۆشخەیاڵی ئەوەدابین کە لە هەڵبژاردنی ئەم جارەشدا پێشبینی ئەوە بکەین کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە هەیکەلی حکومەتی هەرێمدا ڕوووبدات. بنەماڵە لە شوێنی خۆیدایەو میلیشیاکانیش کاریان بۆ پاراستنی ئەم دوو بنەماڵەیە نەوەستاوە، بۆیە سەرەڕای ئەو هەموارکردنە بچووکانەی کە دەسەڵاتی دادوەری عێراق بۆ یاساکەی کردووە، بەڵام گومانی بەردەوامی گەندەڵی و دزیکردن و تەزویرو کۆنترۆڵکردنی دۆخی هەڵبژاردن، لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە ڕاناگیرێت. دوو ساڵە پەرلەمان هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام سەرۆکایەتی مەسرور بۆ حکومەتی هەرێم لەرزەیەکی تێنەکەوتوە.

وادەی هەڵبژاردن بە گرنگ وەسف دەکەن وەک ئامرازێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەستووری و پێدانی شەرعیەت بە دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەو مانایەوە تا لەچوارچێوەی یاساکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا بەهەرەمەندە بن لە بەڕێوەبردنەوەی هەرێمدا..!

سەبارەت بە پرسی ئەو بۆشاییە دەستووریەی کە بەهۆی نەبوونی پەرلەمانی هەرێمەوە دروست بووە، ئێستا بەناوی ئەوەی کە گوایە بە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن شەرعیەت بۆ حکومەت دەگەڕێننەوە، شاراوەنیە کە لەسایەی دەسەڵاتی هێزە تائفی و نەتەوەپەرست و بنەماڵە میلیشیاکاندا گەڕانەوەی شەرعیەت بۆ حکومەت مانایەکی نیە، چونکە ئاماژەکردن لەسەر ناوهێنانی شەرعیەت بۆ ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکان بۆ هێزە دەسەڵاتدارەکان لە عێراقدا، بەگشتی لەڕادەبەدەر فۆرمالیە، چونکە ئاشکرایە کە دەستور و یاساکان ئەوە نین کە ژیانی سیاسی و کاروباری دەوڵەت ڕێکخەن، بەڵکو فاکتەری شکڵی و لاوەکین لەبەرامبەر ئەو هێزانەی لەئێستادا بە ئاستی هاوسەنگی هێزە میلیشیاکانیان دەسەڵاتی سیاسی ڕادەگرن، هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانیش هەر ئەو میکانیزمە زاڵە بەسەریدا.

ئەوەی شاراوە نیە یاسا و یاسادانان فاکتەری یەکلاکەرەوە نەبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکانی نێوان ئەو هێزە سیاسیانەی لە

عێراق و کوردستاندا دەسەڵاتدارن، بەڵکو مامەڵەکردن بووە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە سیاسی و ماددیە راستەوخۆکان، لەلایەکی ترەوە چۆنیەتی ئاستی هاوسەنگی پەیوەندی نێوان حزبەکان بە شەڕ یا بە دانوسان و ڕێکەوتن لەگەڵ کێشەکان مامەڵەیان کردوە، نەک گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ساڵی رابردودا بۆ پێکهێنانی بەرێوەبردنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، بەوپێیەی نەبوونی ڕێکەوتن لەنێوان هێزە سیاسیە کێبڕکێکارەکاندا نەگەیشتە ئەنجامێکی دیاریکراو، بەئاشکرا ڕێگری هەیە لە پێکهێنانی حکومەتی خۆجێی بۆ هەردوو پارێزگای دیالە و کەرکوک، ئەمەش بەڵگەیەکی بەرجەستەیە لەسەر گرنگی نەبوونی سندوقەکانی دەنگدان.

بارزانی و تاڵەبانی بەجیا لە درێژەدان بە ململانێی مانەوەو پاراستنی زۆنی زەردو زۆنی سەوز، لەهەمانکاتدا لەبەرامبەر ئەو دۆخەی لە ئاراستەی ناوەندبونەوەی عێراقدا گیریان کردوە، لە قەیرانێکی تەواو سیاسی و ئابوریدا بەرەوروون. ئەتوانین بڵێین، ئەم قەیرانە لەئێستادا هۆکارێکی تەواو کاریگەرە لە دابەزینی ئاستی هاوسەنگی پێگەی بارزانی و تالەبانی، لەلایەک لە پەیوەندیان بە بەغداوە، ئەمەش گۆڕانی دەورانێکی وەها جیاوازە کە ناچار کراون زیاتر ملکەچی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بن، لە لایەکی ترەوە چۆنیەتی پەیوەندیان بە تورکیا و ئێران و ئەمریکا و وڵاتانی ترەوەکە دەکەوێتە بەر سەوداو مامەڵەی دەورەیەکی ترەوە، ناتوانن دژایەتی حکومەتی عێراق بکەن، لەهەمانکاتدا پەیوەندی نێوان خۆشیان، واتە بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی لە پرۆسەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا لەبەرامبەر چاوەڕوانی چارەنوسیانن کە بە ئایندەی بەغداوە چەقی بەستووە.

لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵوگۆڕو پێشهات و چاوەڕوانیانەدا، دانیشتوانی زۆنی زەردو زۆنی سەوز زیاتر لە بەرامبەر وەحشیەتێکی ناسەقامگیردا بە بارمتە گیراون، نیشانەکانی ڕزگاری لەدەسەڵاتی بنەماڵە هیچ ئاسۆیەک لە ڕێگەی ئەم ئاڵوگۆڕانەوە نیشان نادات، بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەو هێزو لایەنانەی دەیانەوێت ئومێد ببەخشن بە دانیشتوانی هەرێم، کە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە ئەتوانێ کۆتایی بەدەسەڵاتی زۆنی زەرد و زۆنی سەوز بهێنێت، خەتایەکی گەورە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و ناڕەزایەتیەکان دەکەن، ئەو ناڕەزایەتیانەی کە ڕێگای ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و پاکتاوکردن و کۆتایی دەسەڵاتی بنەماڵەیان گرتوتە بەر.

★

# بەهار عەلی شایستەی پشتیوانی فراوانی هەر ئینسانێکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازە!

لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی رووداو دەربارەی سکاڵای چەند پارێزەرێک لە دادگای عێراقی بۆ لابردنی ڕێگریەکانی بەردەم فرەژنی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، کە بە بەشداری یەکێک لەو پارێزەرانە و بەهار عەلی، لە "دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ئێمە" سازدرا، بەهار عەلی وتی من دژی یاسای فرەژنیم، چونکە ئەوە سوکایەتیە بە کەرامەتی ژن. هەروەها وتی با ئەوانەی داوای فرەژنی دەکەن خۆیان بخەنە شوێنی ئەو ژنانەی مێردەکانیان ژنی دووەم دەهێنن، ئایا دەتوانن ئەوە قبوڵ بکەن کە شەوی داهاتوو ژنەکەیان لەگەڵ مێردێکی دیکەدا بخەوێ!؟

سەرباری ئەوەی کە پارێزەری ناوبراو هەموو کێشە خێزانییەکانی خستە ئەستۆی ژنان و ئەو یاسایەی ڕێگریەکانی سەر فرەژنی سەخت کردووە، هەوڵی دا بەهار عەلی بخاتە گۆشەیەکەوە کە ئایا دژی شەرعی ئیسلامە یان نا؟ تا لەو ڕێگایەوە ئیحساساتی کۆنەپەرستانەی دژە ژن و ئیسلامیی هەندێ خەڵک بوروژێنێ.

دوای ئەوە مەلا مەزهەر خۆراسانی کە کەسایەتی ئیسلامی کۆنەپەرست و تاسەرمۆخ دژی ژنە، لە دادگای هەولێر سکاڵای یاسایی دژی بەهار عەلی و ڕێکخراوەکەی تۆمار کردووە بەناوی ئەوەی کە سوکایەتییان بە ئاین و شەریعەتی ئیسلام کردوە.

گومان لەوەدا نییە کە ناڕەزایەتی و دەنگهەڵبڕینی ژنان و ئازادیخوازان لە دژی یاسای فرەژنی لە هەرێمی کوردستان، گۆشەیەک لە خەباتی چەندین ساڵەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و کۆمۆنیستە کرێکاریەکان و ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بەرجەستەدەکاتەوە. ئێستا چ ئەو کۆمەڵە پارێزەرەی کە هەوای فرەژنی دادگای عێراقی لێیداون کە سیخناخە لە کۆنەپەرستی هاوشێوەی ڕژێمی دژی مرۆیی و دژەژنی ئیسلامی ئێران، و چ مەلایەکی کۆنەپەرستی وەکو مەلا مەزهەر و هاوشێوەکانی کە بەرگری لێدەکەن و فرەژنی وەکو چارەسەری بەڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستان و کێشە خێزانیەکان ناوزەدەی دەکەن، لەکاتێکدا سەرچاوەی زۆربەی کێشە خێزانیەکان و بەڵاکانی سەر ژیانی هاوسەرێتی لە هەرێمی کوردستان، ئەو یاساو ڕیسا و دەسەڵاتە کۆنەپەرست و پیاوسالارانەیە کە بە یاسای شەریعەتی ئیسلام دەورەدراوە پەلاماری هەر کەسێک دەدەن کە دژی ئەو نەگبەتیانەی سەر ژنان و ناو خێزانەکان بووەستێتەوە، یەکسەر مەلا کۆنەپەرستەکانی پارێزەری دەسەڵاتی کۆنەپەرست و پیاوسالارانەی بۆرژوازی کورد، دەکەونە هێرش و پەلاماردانیان تا بنەماکانی

نایەکسانی و بێمافی ژنان بەتایبەتی و سەرجەم ئینسانەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەبێ دەسکاری بهێڵنەوە.

ئەگەر دادگا لە کوردستان بەقەدەر یەک نوکە دەرزی ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێ، دەبێت ڕاشکاوانە سنوری خۆی لەگەڵ ئەم شەرعە و ڕێسا کۆنەپەرستەکانیدا بکێشێت کە مافی نیوەی دانیشتوانی کوردستان و کەرامەتی مرۆیی و هەست و ئیحساسیان دەخاتە ژێرپێوە، تەنها لەبەرئەوەی بەرگری لە مافی ژمارەیەکی زۆر کەمی پیاوی سێکسپەرست، بەپێی ئەو شەرعە، دەکەن. ئایا ئەو یاسایە و ئەو دادگایە نابێ بەرامبەر بە نیوەی دانیشتوانی کوردستان کە ژنانن شەرمەزار بێت کە نەک ناتوانێ بەرگری لە مافی ئینسانییان بکات و وەکو مرۆڤ مامەڵەیان بکات، بەڵکو مافەکانیان دەکاتە قوربانی ئارەزوی سێکسی ژمارەیەک پیاوی زۆر کەمی ناو کۆمەڵگە کە بۆ ئەوان ژن تەنها سەرچاوەی تێرکردنی ئارەزووە سێسکیەکانیانە و هیچی تر؟ لەڕاستیدا ئەوەی ئەمانە و شەرعەکەیان پەیڕەوی لێدەکەن و داوا دەکەن کە دەبێ دادگا بەرگری لێبکات، چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە بازرگانی بە جەستەی ژنانەوە دەکەن!؟ هەردوکیان هەمان تێروانینیان بۆ ژن هەیە، بەڵام یەکێکیان بەرگی یاسای ئیلاهی بەبەردا دەکات و یەکێکی دیکە بازرگانیەکی قازانجهێنەری کۆمپانیاکانە!

ئێمە وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەڕوانگەی بڕوابوونمان بە مافە مرۆییەکانی ژنان و لەسۆنگەی ئەوەی کە لەسەرەتای مێژووی خەباتی ئێمەوە، سەنگەرێکی قایم و پتەو بووین و هەین بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان و تێدەکۆشین بۆ یەکسانی نەک تەنها یاسایی ژنان و پیاوان، بەڵکو بۆ یەکسانیی ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەڵتەکاندنی هەموو بنەما یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی چەوساندنەوە و نایەکسانی دژ بە ژنان، بەتوندی پشتیوانی لە بەهار عەلی دەکەین و ئەوەی ئەو لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژەی پێکردوە، قسە و هەست و ویژدانی سەدان هەزار هاوڵاتی ژنی هەرێمی کوردستانە و جێگای پشتیوانی ئێمەیە. داواکارین لە هەرچی کەس و ڕێکخراو و لایەنی سیاسی و دەزگا و دامەزراوەی مرۆڤدۆست و لایەنگری مافەکانی ژنان هەیە، لەپشتی بەهار عەلی و ژنانی کوردستانەوە دژ بەو پەلامارەی دەدرێن لەلایەن پارێزەرانی پیاوسالاری و مەلا کۆنەپەرستەکانی لە بابەتی مەلا مەزهەرەوە، ڕاوەستن.

بێگومان یاسای فرەژنی پەڵەیەکی ڕەش و شەرمەزاریە بەنێوچەوانی دەسەڵات و سیستمێکەوە کە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دایانسەپاندووە، خەبات بۆ پاککردنەوەی کۆمەڵگەی کوردستان لەم یاسا و نەریتە پیاوسالاری و دژەژنە، بەهێنانەمەیدان و هەڵبڕینی دەنگی نارەزایەتی بەدژی ئەم دەسەڵاتە و کۆنەپەرستان و هەوڵەکانیان دەبێت، لەم راستایەشدا پشتیوانی لە بەهار عەلی، ئەرکێکی دەستبەجێی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و کەسایەتی و ڕێکخراوەکانیەتی.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٤ی ٧ی ٢٠٢٤**

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عبدلله محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب دەربارەی هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆناو کوردستانی عێراق!

**ئۆکتۆبەر: لەماوەی ڕابردوودا سوپای تورکیا بە هیزێکی زۆرەوە هاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوە بێجگە لەو بنکە سەربازیانەی کە لە هەرێمدا هەیەتی، بەڵام بەپێی هەواڵەکان سەربازەکانی تورکیا لەناو هەندێ ناوچەی دهۆک خاڵی پشکنینیان داناوە. بیانوی دەوڵەتی تورکیا لێدانە لە پەکەکەو کۆتاییهێنان بە قەندیل وەکو خۆیان دەڵێن. تا چەندە ئەم لەشکرکێشیە پەیوەندی بە لێدان لە پەکەکەوە هەیە؟ زیاتر لە ٤ دەیەیە تورکیا و پەکەکە لە شەڕێکی چەکداریدان بەبێئەوەی پەکەکە لەناو ببرێ. ئایا بەو لەشکرکێشیە ئەو ئامانجەی تورکیا دێتەدی یان ئامانجی دیکە هەیە؟**

عبدلله محمود: هەموو هێرش یان ئۆپەراسیۆنێکی دەولەتی تورکیا، لەگەڵ خۆیدا ئاست و شێوەی دەستێوەردانەکانی زیاتر و بەرینتر کردووە. لەهەموو جارەکاندا دەوڵەتی تورکیا ناوچەی تازەی داگیرکردووە. بنکەی زیاتری داناوە. سەربازگەی تری جێگیر کردووە. شوێنی زیاتری دەست بەسەردا گرتووە. لە هێرشی ئەمجارەشدا، بەهەمانشێوە لەلایەکەوە زیاتر لە پێنج کیلۆمەتر هاتۆتە ناو قوڵایی هەرێم و دە سەربازگەی تری داناوە، لەوەش دەرچووە هێرشەکان هەر لە ناوچە سنوریەکان بێت، بەڵکو هاتۆتە قوڵایی کوردستان و بەپێی چەندین سەرچاوەی هەواڵ ئێستا ٤٥% جوگرافیای دهۆک لەژێر دەستی تورکیادایە و خەریکی زیاتریشی دەکات.

جیا لەوانەش لەگەڵ ئەوەدا پارتی وەکو دەسەڵاتی زۆنی زەرد و گۆڕەپانی لەشکرکیشی تورکیا، هێندەی بۆی کرابێت هاوکاری دەوڵەتی تورکیای کردووە، کەچی سوپای تورکیا لەژێر قەڵەمرەوی پارتی و هاوکاریی ئەودا دەوریات و خاڵی پشکنینی داناوە، بەمەش بەکردەوە تورکیا وەکو خاوەنماڵ و

گوێنەدان بە قەڵەمڕەوی پارتی و دەسەڵاتەکەی ڕەفتار دەکات. دیارە پەکەکە تەنها پاساو و بیانوویەک نییە، بەڵکو ئامانجێکی دەوڵەتی تورکیایە و دەیەوێت توانای سەربازی و حزوری پەکەکە لەسەر سنورەکانی نەهێڵێت و ئەگەر بتوانێت کۆتاییان پێبهێنێت، بەڵام ئەوە تەنها ئامانجێکە لەناو چەند ئامانجی تردا.

گوێزانەوەو شێواندنی ڕای ناوخۆی تورکیاو ڕای گشتی لە ئەزمەو گرفتە ناوخۆییەکانی؛ لەوانە، ئەزمەی ئابوری و دارمانی بەهای لیرەی تورکی، داکشانی پێگەی ئاک پارتی و خودی ئەردۆغان لەناوخۆی تورکیاو بەرامبەر نەیارە سیاسیەکانی، تەریککەوتنەوەی تورکیا لەئاستی دنیادا، شڵوقی پەیوەندیەکانی و هەڵبەزو دابەزی لە نێوان جەمسەرە جیهانیەکان، ناکامی لەوەی کە ببێتە کاراکتەرێکی هاو بالآنس لەگەڵ ئێران لەناوچەکەدا، ڕووبەڕوو لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی لەتورکیا، کیشەی کورد...تاد، چەند هۆکار و ئامانجی تری دەوڵەتی تورکیان لە هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دەورەیەدا. بەتایبەتی تریش ئەو ئاڵوگۆرانەی لە عێراق و لە ململانێی نێوان ناوەند و هەرێمدا هاتوتەپێشەوە، فاکتێکی تازەی ترە، کە دەوڵەتی تورکیا بە دەخاڵەت و دەستێوەردان لە هەرێمدا دەیەوێت لەلایەکەوە هەژموونی خۆی لە هەرێم و ناوخۆی عێراقدا زیاد بکات بەمەبەستی قایمکردنی جێپێی ناسیونالیزمی تورکی و هێزە تورکیەکان لە ئارایشی تازەی دەوڵەتی عێراق بەتایبەتی لە کەرکوکدا، لەلایەکی تریشەوە لە ڕاستای لە مەنگەنەدانی قەوارەی سیاسی هەرێم و هاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ گێڕانەوەی پاراستنی سنورەکان بۆ ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵات و سوپای عێراق، کە عێراقیش خوازیارە لە چوارچێوەی گێڕانەوەی هەیمەنەی سیاسی و ئابوری، بۆسەر هەرێمدا، هەژموونی ئەمنی و سەربازی لە ژێر ناوی پاراستنی "سەروەری و ئاسایشی سنورەکانی" بگێڕێتەوە. تەنانەت کۆتاییهێنان بە "قەوارەی هەرێمی کوردستان" ئامانجێکی ستراتیجی و دەوڵەتی تورکیایە، بۆ ئەم ئامانجەشی سەربازی ناکۆکیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کۆکن.

جیا لەهەموو ئەوانە دژایەتی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ خەڵکی کوردستان و کوردبوون لەتەواوی ناوچەکەدا ڕاستیەکی حاشا لێنەکراوە... تا ئەو جێگایەش بەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتی تورکیا دەتوانێت پەکەکە لە بەین بەرێت. ڕاستی ئەوەیە داگیرکاری و سەرکوتی سیاسی دەوڵەتی تورکیا چ لە بەرامبەر بە هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازنەو چ بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و حاشاکردن لەماف و تەنانەت بوونی خەڵکی کورد لە تورکیادا، ژینگەو کەشێکی خوڵقاندووە کە پەکەکە و هێزی تری سیاسی لەسەر سەوز دەبن و پێدەگرن. پەکەکە دەرهاویشتەی ملهوری تورکیا و حاشاکردن لە مافەکانی خەڵکی کورد لە تورکیادایە و تا ئەوکاتەش پرسی کورد لە تورکیا چارەسەر نەکرێت، کۆتاییهاتنی پەکەکەو هەر هێزێکی تر کە بەهرەبەرداری لە پرسی سیاسی کورد دەکەن لەپێناو ئامانجەکانی خۆیاندا، شتێکی چاوەڕوانکراو نیە. لەچەند دەهەی ڕابردوودا دەوڵەتی تورکیا دەیان هێرش و ئۆپەراسیۆنی کردووە، کەچی نەیتوانیوە پەکەکە لە بەین ببات و ئەمجارەش ناکام دەبێت.

**ئۆکتۆبەر: حکومەتی هەرێم هیچ کارێکی پێناکرێ. حکومەتی عێراقیش تەنها ئیدانەی کردو وەفدێکی نارد بۆ هەرێم بۆ لێکۆڵینەوە لە لەشکرکێشیەکەو چۆنیەتی وەڵامدانەوەی؟ ئایا حکومەتی عێراق هیچی پێدەکرێ بەرامبەر بەو لەشکرکێشیە؟ لەکاتێکدا حکومەتی عێراق لەگەڵ تورکیادا ڕێکەوتنێکی واژۆکردو بوونی پەکەکە لە خاکی عێراق بە نایاسایی دادەنێت!؟ ئایا ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی لەپشت نیە؟**

عبدلله محمود: هێرش و لەشکرکیشی ئەمجارە، بەدوای سەردانی پیشووتری ئەردۆغان بۆ بەغدا و هەولێر دەستی پێکردووە. هاوئاهەنگی دەوڵەتی عێراق و تورکیا، ڕەزامەندی ئەمریکا بەوەی ڕایانگەیاند کە دەبێ هێرشەکە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ عیراق و دەسەلاتی هەرێم بیت، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ڕێکەوتنێکی پێشوەختەی نیوان بەغدا و هەولیر و هاوکات گڵۆپی سەوزی ئەمریکا. بۆیە نابێ هیچ چاوەڕوانیەک لەوە هەبێت کە دەسەلاتی بەغدا یان هەرێم، هەلویستێکی جدیان هەبێت. ڕیکەوتنی حکومەتی عێراق و تورکیا بەوەی پەکەکە هێزێکی نایاساییە لە هەرێمدا، بەمانای هاوکاری هەردوولایان دێت بۆ وەستانەوە بەرووی بوونی ئەو هێزە نایاساییە!! لە هەرێمدا. ئەو ڕێکەوتنەی نیوان تورکیا لەگەڵ عیراق و هاوکاری بەردەوامی پارتی لەگەڵ تورکیاو هەلویستی فەرمی دەوڵەتی ئەمریکا، هەموویان نیشانەن بۆ هاوئاهەنگی و کۆکبوون بۆ لێدان لە هێزەکانی پەکەکە، بەڵام کورتکردنەوەی ئامانجی تورکیا لە هێرش و دەستێوەردانەکانی لە هەرێمدا تەنها بۆ شەر لەگەڵ پەکەکە، لێکدانەوەیەکی هەڵەو نە دیتنی ئامانجە گەورەترەکانی دەوڵەتی تورکیایە...

**ئۆکتۆبەر: لەشکرکیشی تورکیا و هەڕەشەکانی ئێران لە ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجێی کوردستانی عێراق، بەردەوام بوەتە مایەی نائارامی و هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی کوردستان.. وەکو وتمان حکومەتی هەرێم نەک هیچیان پێناکرێ، خۆیان خزمەتکاری ئەو دوو دەوڵەتەن. ئایا چی بکرێ بۆئەوەی ئەو هەڕەشەیە لەسەر سەری خەڵکی کوردستان دوور بخرێتەوە؟**

عبدلله محمود: چ هێرش و ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکانی دەوڵەتی تورکیا و چ گوشار و دەستێوەردان و هێرشی دەوڵەتی ئێران بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکانیان و هێرشی درۆنی و گروپە تیرۆریستیەکان، بەجیا لە ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی ناوچە سنوریەکان و ناچارکردنیان بە جێهێشتنی شوێنی کارو ژیانیان، تائێستا بەدەیان کەسی لە هاوڵاتیانی مەدەنی ئەو ناوچانە کردۆتە قوربانی و کەشێکی نائەمن و سەربازی زاڵ کردووەو زۆرێک لەو ناوچانە میلتاریزە کراون. لەهەموو ئەو هێرش و ملهوریانەش کە لە هەرێمدا کراون و دەکرێن لە زۆنی زەرد پارتی هاوکاری تورکیا و لە زۆنی سەوزیش یەکێتی هاوکاری ئێران بوون... عیراق و دەسەڵاتی زۆنی سەوزو زەردیش بەجیا لە راگەیاندنی میدیایی نا فەرمی، هیچ هەڵویستێکی جدی و فەرمی و لە ئاستی باڵایاندا نەبووە... بەپێچەوانەوە بە ریکەوتن و هاوکاری بەکردەوەی ئەوان چۆتە پیشەوە، بۆیە نابێ چاوەڕوانی لەوە هەبێت ئەو لایەنانە هەڵویست و کاردانەوەیەکی بەرجەستە لە خۆیان نیشان بدەن، مەگەر لەخوارەوە و لە ئاستی کۆمەڵگەدا بخرێنە ژێر گوشارەوە. بێگومان ئەو هێرش و ملهوریانەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و ئێران و کادر و لایەنگرانیان، تەنها هیرش نییە بۆسەر ئەو حزب و لایەنانەو هەڵسورانی سیاسیان، بەڵکو هاوکات پیشێلکردنی ئاشکرای ئیرادەی سیاسی و حزب و لایەنە سیاسیەکان و ئیرادەی سیاسی جەماوەری خەڵکی کوردستانە، بۆیە پێویستی بە وەڵامدانەوەو کاردانەوەی سیاسی و جەماوەری و لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەو لە ئاستی شەقام و رەسمیدا، هەیە. بەتایبەتی کە نارەزایەتی جەماوەری بەرووی لەشکرکیشی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی و کردەوە تیرۆریستی و درۆنیەکان، واقعیەتیکی کۆمەڵگەیەو خواستی کۆتاییهینان بە لەشکرکیشی و کردەوەی تیرۆریستی تا دەگاتە خواستی چونەدەرەوەی هیزی سەبازی و بنکەو بارەگا جاسوسی و کریگرتەکانی وڵاتانی ناوچەکە لەوانە ئێران و تورکیا خواستێکی رەواو حاشالینەکراوە و زۆرجاریش کۆبونەوە و خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری لە شارەکاندا بەدژیان وەرێ خراوە. تەنانەت خەڵک هیرشیان بردۆتە سەر سەربازگەکانیان... وە لە ئاستی فەرمی و دنیای دەرەوەشدا خۆپیشاندان و نارەزایەتی کراوە.

ئێستاش سەرباری ئەوەی لە زۆنی زەرد چالاکی و خۆپیشاندان دژی رژێمی تورکیا یاساغ و لە زۆنی سەوز لەدژی رژیمی ئێران رێپێنەدراوە، بەڵام نارەزایەتی بەدژی لەشکرکیشی و ئۆپەراسیۆنی وڵاتانی ناوچەکەدا لەسەراسەری کوردستاندا واقعیەتیکی بەرجەستەیە... وە ریگایەکی کارسازو بەکردەوە ئەوەیە کە هەموو ئەو حزب و هیزە سیاسیانەی بانگەشەی دژە داگیرکاری دەکەن و بروایان بە ئازادی هەڵسورانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان و سەرووەری ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان هەیە، لەپاڵ رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا، دەست ببەن بۆ سازدانی کۆبونەوەی جەماوەری و وەریخستنی خۆپیشاندانی فراوان و سەراسەری.... چ لە ئاستی فەزای گشتی شارەکان و چ لەبەردەم یوئین و سەفارەتخانەی وڵاتەکان و بەردەم بارەگای سەرەکی حزبەکان و خواستی کۆتاییهێنان بە ئۆپەراسیۆنەکان، خواستی چونەدەرەوەی بنکەو بارەگای سەربازی و جاسوسی، تەنانەت خواستی کردنەدەرەوەی سەفارەتخانەکانیان بەرزبکەنەوە. وە لەئاستی دنیای دەرەوەدا، بەهەمانشیوە خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری تا دەگات بە گوشارهینان بۆسەر سەفارەتخانەکان و ناوەندەکانی بریاری وڵاتەکان، بەدژی ئەو داگیرکاری و دەستیوردان و ئۆپەراسیۆنانەدا بەدەستەوە بگرن و رای گشتی وڵاتانی دەرەوە لەدژی ئەو پیشێلکارییە سیاسی و حقوقییە، بەدەست بهێنن.

بەکورتی رێگای کارسازو کاریگەر بەدژی لە شکرکیشی و دەستیوەردانی وڵاتەکان لە هەرێمدا، تەنها بزوتنەوەی لە خوارەوەی جەماوەری فراوانە کە دەتوانێت گوشار دروست بکات و دەستی ئەو وڵاتانە لە دەستیوردان و ئۆپەراسیۆن و لەشکرکیشی و کردەوە تیرۆریستیەکانیان بگرێت و حزبە دەسەڵات بەدەستەکانیش ناچار بکات، دەست لە خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی هەڵبگرن.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
**عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

رێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەماڵ موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

**ئەو هێزەی دەتوانێ کۆتایی بە دەستێوەردان و لەشکرکێشیی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بهێنێت، هێزی جەماوەری ناڕازی خەڵکی کوردستانە دژ بە دەسەڵاتدارانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی!**

# بیمەی تەندروستی بۆ کرێکاران و هاووڵاتیانی کەمدەرامەتی کوردستان ئەرکی دەستبەجێی حوکمەتە!

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

یەکێک لەو خزمەتگوزاریانەی کە کرێکاران و هاووڵاتیان لێی بەهرەمەند بوون، کەمێک بارسوکی بۆیان دروست کردبوو، پێشکەشکردنی داودەرمان و بینینی نەخۆش بوو لەو نەخۆشخانەی کە موڵکی حوکمەت بوون و خەرج و مەساریفی لە لایەن حوکمەتەوە بۆ دابیندەکرا .

دوای ئەوەی کە ئاڵوگۆری سیاسی ڕوویداو سیستمی سیاسی لەسەر بنەمای فیدراڵی دامەزرا، یەکەمین شت کە دەستیان بۆبرد، وەرگرتنەوەی بەرپرسیاریتی دەوڵەت بوو بەرامبەر بە دابینکردنی خزمەتگوازری گشتی کۆمەڵگاو بەرەلاکردنی ئابوری بوو بە تەواوی بۆژێر دەستی بازاڕ، کە ڕێگەیدا بەسەرمایەداران بۆ کۆنترۆڵکردن و تایبەتیکردنی بەشێکی گرنگ لە دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان و بەستنەوەی بە میکانیزمی بازاڕ و قازنج و سودەوە! یەکێک لەو سکێتەرە گرنگانە سەکتەری تەندروستی بوو. ئەوەبوو نەخۆشانە حکومیەکان بەرەبەرە بەرەو پوکانەوە بران و لەبەرامبەر ئەواندا سەدان نەخۆشخانەی ئەهلی بە دەرمانخانەو دکتۆرو تەواوی پێداویستیەکانی ئەو بوارە دامەزران. ئەو بەشەی نەخۆشخانە حکومیەکان کە بەناچاری هێڵرانەوە، سیستەمی نیوە خسوسی تێدا جێبەجێکراو نەخۆش ناچارکران کە بەرامبەر هەر چارسەرێک و پشکنین و نەشتەرگەریەک بڕێکی زۆر پارە بدات بە حکومەت! نەبوونی خزمەتگوازری تەندروستی و یان نەهێشتنی ئامێری پێشکەوتوو، نەمانی دکتۆری شارەزا لە خەستەخانە حکومیەکان، یان تەنها دەوامکردنێکی ڕەمزی بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتگوزاریەکی گرنگ پێشکەشی هاولاتیان بکەن، یان دانانی سەرەی دوور بۆ نەخۆش، وایکرد کە خەڵک بەناچاری ڕوبکەنە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت وملبدەن بەو سیستەمەی کە لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسی تازەی عێراقدا هەیە.

ئەم سیستمە تازەیە لەگەڵ خۆیدا تەعین مەرکەزیشی وەستان و دەیان هەزار کەس لەدەرچوی بواری تەندروستی چونە ناو ڕیزی بێکارانەوە و بوونە هێزێکی کاری هەرزان بۆ خاوەن نەخۆشخانە ئەهلیەکان و بەنرخێکی هەرزان و سەعات کارێکی زۆر کاریان پێبکەن. هاوکاتیش بازگانەکانی هێنانی کەلوپەلی پزیشکی و داودەرمان و ئەوانەش کە خاوەنی دەسەلاتن یان کومپانیای دەرمانسازیان دامەزراند، یان هێنانی داودەرمانیان بۆخۆیان قۆرخ کرد و بوونە پاڵپشتێکی باش بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی پرۆژە و دامەزراوەکانی کەرتی ئەهلی لەبواری تەندروستیدا.

ئێستا دوای چەندساڵ لەکاولکردنی دامەزراوەکانی کەرتی حکومی و دوای ئەوەی هەزاران کەس لەکرێکاران و هاووڵاتیانی کەمدرامەت لە بێئیمکانیدا گیانیان سپارد، یان ئەو پاشەکەوتەی کە لەماوەی چەندین ساڵ کۆیان کردبۆوە دایان بە داودەرمانی گران، کەچی تازە حوکمەتی عێراقی و حوکمەتی هەرێم لەیاساکانی تایبەت بە خانەنشینی و بیمە کۆمەڵایەتیەکان باسی کاراکردنەوەی بیمەی تەندورستی ئەکەن! ئەمە لەکاتێکدا هەرچی موچەخۆری دەوڵەتە بەشێوەکی ئیلزامی مانگانە بڕێک پارە لەموچەکەی بڕدراوەو چوەتە سندوقی خانەنشینی و بیمەکۆمەڵاتیەکانەوە و لەو سندوقەش نسبەتێک دیاریکراوە بۆبیمەی تەندورستی، بێئەوەی هیچ خزمەتێکی بە کرێکارو هاووڵاتی کردبێت. لەکاتێکدا مەسەڵەی بیمەی تەندروستی دەتوانرێت هەر لەو برەپارەیەی کە لەکرێکارو خەڵکی وەردەگرن و ئەوبڕەش کە بەیاسا ڕێکخراوەو ساڵانە حوکمەت ئەبێ بیخاتە ناو ئەو سندوقەوە، کرێکاران و هاووڵاتیان داودەرمانی پێویستیان بۆ سەرفکرێ و دکتۆری بەلاش وەیان بەنرخێکی ڕەمزییان بۆ تەئمئن بکرێ، تاچیتر لەبەر بێئیمکاناتی ژیان لەدەست نەدەن و نەکەونە سواڵوسەدەقەکردن بۆئەوەی خەرجی چارەسەری نەخۆشیەکانیان پەیدا بکەن!

بەدەر لەوەی کە حکومەت ڕاستەوخۆ خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی بۆ هاولاتیان دابین دەکات یان نا، بەلاَم ئەرکی حکومەتە کە بەپێی ڕەچاوکردنی داهاتی هاولاتیانی کوردستان خەرجی خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی هاولاتیان لە ئەستۆ بگرێت. پێویستە حکومەتی هەرێم لەڕێگای دابینکردنی بیمەی تەندروستیەوە بۆسەرجەم هاولاتیانی کوردستان ئە وئەرکە جێبەجێ بکات و تەندروستی و سەلامەتی هاولاتیانی نەسپێرێت بە بازاڕی قازانج و سودی کۆمپانیاکانی دەرمان و نەخۆشخانە تایبەتەکان!

**هەموو هاوڵاتیانی کوردستان مافی خۆیانە دەستیان بە خزمەتگوزاری تەندروستی خۆڕایی ڕابگات!**

# چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهادین حاجی بەکر دارتاش، ناسراو بە ڕێبوار عارف، ڕێکخەری کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری لە کوردستان دەربارەی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری!

**ئۆکتۆبەر: ڕۆژی ٦ تەموز لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بەغدا لیژنەی بەرپاکردنی کۆنگرەی دامەزراندنی ڕێکخراوی ( کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری) ڕاگەیاند. سەرەتا دەکرێ سەبارەت بە ئامانج لە دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە قسەمان بۆبکەی؟ لە کێ پێکدێت و چوارچێوە و سنوری هەڵسورانی کوێ دەبێت و دەیەوێ چی بکات؟**

ڕێبوار عارف: شەشی تەموز تێپەڕبوونی زەمەنێکی دورودرێژە بەسەر کۆبەندیەک لەکارو هاودەنگی و هاوپراتیکی دەیان هەلسوراوی دیاری شارەکانی عیراق و کوردستان کە لەچوارچێوەی بەلگەنامەیەکدا بەناوی (مانیڤێستی کۆنگرەی ئاسۆی خەباتی کۆمەلایەتی لە عێراقدا) کۆبوونەوەو دەستبەکاری دروستکردنی ئەم ڕێکخراوە بوون.
ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ئەم ڕێکخراوە، خەباتکردنە بۆ ژیانێکی شایستەو شارستانی، بۆ دابینکردن لەماف و خزمەتگوزاریەکانمان، بۆ دەستەبەرکردنی سیستەمێکی حکومرانی کە هاولاتیان لە سایەیدا بەتەواوی ماف و ئازادیەکانی خۆیان بگەن، ئەم ڕێکخراوە لەپاڵ هەر هەوڵ و تەقەلایەکیدا بۆ بەدەستهێنانی بچوکترین چاکسازی تا ڕیشەکێشکردنی هەرجۆرە ستەم و نابەرابەریەک و دژ بەهەر شێوازێکی هەلاواردن و چەوسانەوە خەبات دەکات وەک هێزێکی شۆڕشگێر کە دواجار خوازیاری دامەزراندنی دەسەلاتێکین کە وەلامگۆبێت بە تەواوی خواست و داواکاریەکانی کۆمەلگایەکی پێشکەوتوخواز.
سەبارەت بە دواین بەشی پرسیارەکەتان ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە هەلسوڕاوان و ڕابەرانێکن کە لە شارەکانی کوردستان و عێراقدا لە شوێنی کارو ژیانی خۆیاندا کەسایەتی ناسراو دیارو بەرجەستەی کۆمەلگان کە بەگشتی خاوەن ئەزمونگەلێکی پڕ شانازی و بەرجەستەن.
چەند مانگێک لەمەوبەر لە دواین کۆبوونەوەی گشتیمان لە شاری کەرکوک، شەست هەڵسوڕاو لە پانزە شاری کوردستان و عێراقدا هەڵبژێردران، بەمەبەستی ڕابەریکردنی ئەم ڕێکخراوە لە سەراسەری عێراقدا.
ئێمە کاردەکەین بۆئەوەی وەک ڕێکخراوێکی جەماوەری شۆڕشگێر چەترێک بین بۆ کۆکردنەوەی هەموو نارەزایەتیە جەماوەریەکان و پێکەوە هەموو چین و توێژە زەحمەتکێش و نارازیەکان لە سەنگەرێکی هاوبەشدا خەبات دەکەین دژ بە دەسەلات و سیستەمێک کە سەرچاوەی تەواوی نەهامەتیەکانی ئەم کۆمەلگایەیە.

**ئۆکتۆبەر: وەکو لە ڕاگەیاندنەکەدا دەردەکەوێ، ماوەیەکە ئێوە سەرقاڵی ئەو کارەن. دەکرێ بزانین هەولەکانتان بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەکە بە کوێ گەیشتوە؟ ئەو لیژنەیەی دروستتان کردوە لەسەر چ بنەمایەک و لە کێ پێکهاتووە؟**

ڕێبوار : بەڵێ دوابەدوای وتووێژێکی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵێک لەو کەسایەتیانەی کەقاڵبووی نێو نارەزایەتیە جەماوەریەکان کوردستان و عێراقن، کارمان بەرەوپێش براو هەنگاو بەهەنگاو خۆمان بە نارەزایەتیەکانەوە گریدایەوەو لەگەڵ بەشێک لە بەرجەستەترین کارەکتەرەکانیدا نزیکبووینەوەو دواتر پێکەوە کارمانکرد.
ئەم هەنگاوانە بوونە هەوێنی ئەوەی کە بازنەی ئەو هەڵسوراو کەسایەتیانە زۆر فراوان بێتەوەو هاوکات ئەوە دڵنیاییدا بە ئێمەدا کە کاری هاوبەشی ئەو ڕیژە لە ڕابەران و هەڵسوراوان دەتوانێت هەنگاوێکی کارا و گەورە بێت بۆ ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکەمان وەک ئەو بنەمایەک کە بۆ خۆمان دیاریکردبوو کە لە پلەی یەکەمدا بەشێک لە دیارترین هەلسوراوان بوونە هەوێنی دروستکردنی ڕێکخراوەو دواتر لە ئاستێکی جەماوەریدا کار بۆ هەمان مەبەست دەکەین. بۆیە پاش ساڵە نیوێک کارو لێکنزیکبوونەوە توانیمان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری ادا خۆمان ڕاگەیەنین .
پێویستە ئەوەش بڵین کە کاری ئەم ڕێکخراوە لە ئاستی عێراق دا زیاتر بیست مانگە هاوڕێیانێک دەست بەکاری دروستکردنی ئەم ڕێکخراوە بوون و هەروەها لە کوردستاندا ساڵێک تێپەری بۆ کارکردن لەم مەیدانەدا.
ئێمە لەو ماوەیەدا زیاتر لە دە کۆبوونەوەو سیمینارى ناوخۆیی و کۆبوونەوەی گشتیمان ئەنجامداوە بەمەبەستی دەرک و تێگەشتنێکی هاوبەش لەبنیادنانی ئەم رئکخراوەدا. لەپاڵ ئەمەشدا دەخالەتی کاراو بەرچاومان کردوە لە نارەزایەتیەکانی گەرمیان، کفری کە یەک مانگ مانیانگرت بۆ بەدەستهێنانی ماف و داخوازیەکانیان، لە مانگرتن و نارەزایەتیەکانی شاری کرکوک، بەتایبەت لە مەحەلەکانی نەورۆز، شەریکەی نەوت و.... هەروەها بەشداریکردنمان لە پێنج مانگی نارەزایەبیەکانی مامۆستایاندا کە لە دە شاری کوردستان توانیمان هەڵسورانی خۆمان نیشان بدەین.

دیارە بەهەمانشێوە هاوڕێیانمان لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق دا کارو هەڵسورانی هاوشێوە بەرچاویان لەخۆنیشانداوە.....

**ئۆکتۆبەر: بڕیارتان داوە کە کۆنگرەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە بگرن. میکانیزمی کارکردنتان بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەی دامەزرێنەر چیە؟ کێ دەتوانێ بەشدا بێت؟ پێوانەو مەرجی بەشداربوون لەو کۆنگرەیەدا چیە؟**

ڕێبوار عارف: لە وەڵام بە پرسیارەکانی تردا هەوڵمدا ئەوە ڕۆشن بکەمەوە کە کاری ئێمە لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردودا لەسەر بنەمای ئەوە بووە کە بەشێک لە دیارترین هەڵسوراوە جەماوەریەکان لە دەوری خۆمان کۆبکەنەوە، هەربۆیە لە پلەی یەکەمدا بەهەمانشێوە لەڕێگەی هەڵبژاردنە لۆکاڵیەکانەوە لە هەوڵی ئەوەدا دەبین کە باشترین هەڵسوراوانێک بەشداری بکەن کە لە ئاست ڕابەریکردنی ڕێکخراوێکی جەماوەری لەو شێوەیە کە ئیرادەی گۆڕانکاریەکی ڕیشەی لە کۆمەڵگای عێراقدا بە کوردستانەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

**ئۆکتۆبەر: کۆنگرەی دامەزرێنەر بڕیارە چی بکات؟ ئایا هیچ بەڵگەنامەیەک هەیە کە لە کۆنگرەکەدا بڕیاری لەسەر بدەن؟**

ڕێبوار عارف: بەر لەهەر شتێک ئەوە بڵێن هەموو هەڵسوراوانی تائیستەی ڕێکخراوەکەمان، بەدەوری ئەو مانیفێستەدا کۆبوونەتەوە وەک سەرەکیترین بەڵگەنامەی ڕێکخراوەکەمان، کە دیارە ئەم بەڵگەنامەیە چەقی بەرنامەو ئامانجی ئێمەیە، بەهەر تێڕوانینێکی جیاوازیشمانەوە، چونکە شێوازی کاری ئێمە بەپێچەوانەی زۆربەی ڕێکخراوەکانەوە، بەرنامەیەکمان نەهێنا بۆئەوەی کە هەڵسوراوانی تێدا لە قاڵب بدەین، بەڵکو چوارچێوەیەکی گشتیمان هێناو تا بەهەر جیاوازیەکیشمانەوە تا کاتی کۆنگرە هەموو هەڵسوراوان ئازادانە شەنوکەوی بکەن و دواجار لە کۆنگرەدا هەر ئاڵوگۆڕی پێویستی بێت بەسەردا دواین بڕیاری لێ بدەین وەک نازناوی ڕێکخراوەیمان. بێگومان جیاواز لەمەش پەیڕەوپرۆگرام و بڕیارنامەو پەیامان دەبێت.

بەدڵنیایی پەیکەرەی ڕێکخراوەی، مەسەلەی ماڵی، ڕاگەیاندن و هەروەها جێگەو ڕێگەی ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و تایبەتمەندیەکانی خۆی و جۆرێک لە سەربەخۆیی ئیداری کە بتوانێت وەڵامدەرەوە بێت بە بە دۆخی تایبەتی خەباتی ڕێکخراوەکە لەسەر ئاستی کوردستان، کە بە بڕوای من لەمبارەشەوە پێویستمان بە پلاتفۆرمێکی تایبەت بە کوردستان هەیە. بە کورتی کۆنگرە عەمەلیەی ئامادەکاری و بنیادنانی پەیکەرەی ئەو ڕێکخراوەیە کە لەڕووی سیاسی و عەمەلی و ڕێکخراوەیی و ئیداریەوە هێزێکی میلیتانت و شۆڕشگێڕ و ئاڵوگۆڕبەخش خۆی ئامادە دەکات بۆ هاتنەنێو هاوکێشە سیاسیەکانەوە. سەرئەنجام هەموو ئەمانە لە گرەوی ڕابەریەکی بەئیرادەو وشیار و خاوەن ئەزمووندایە کە لەئاست وەڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگای عێراقدا بێت، بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێک کە حورمەت و بەهای ئینسانی و ماف و ئازادیەکانمان مسۆگەر بکا!

★

**کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە ملیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردووەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردوەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و**

**لە ڕووی بابەتیشەوە مومیکن.**

**بەشێک لە بەڵگەنامەی حزب: مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە... پەسەندکراوی کۆنگرەی (٥) دیسمبەری ٢٠٢١**

# ڕاگەیاندنێک لە مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە:

## کوشتاری کۆمۆنیستەکان لەلایەن سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانیەوە، هێشتا دۆسیەیەکی کراوەیە!

بۆ ڕای گشتی خەڵکی کوردستان:

ڕوداوی ١٤ ی تەموزی ٢٠٠٠ کە تیایدا لەسەر شەقام و بەبەرچاوی خەڵکەوە ٥ کۆمۆنیستی تێکۆشەر خەڵتانی خوێن کران لەکەیەکی پاکنەبووەوەیە بە ناوچەوانی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. سەرکردایەتی ئەوکاتی یەکێتی بە سکرتێرەکەی و جێگرەکەی و بەشی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتیەکەیەوە بەرپرسن لە بڕیاردان و جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردنی ڕشتنی خوێنی کۆمۆنیستەکان لەو ڕوداوەدا. سەرباری گەورەیی تاوانەکە، شاردنەوەی ڕاستیەکانی پشت ڕوداوەکە و پەردەپۆشکردنی لەپێناو بێبەریکردنی کەس یان کەسانێک لە سەرکردایەتی یەکێتی, هەمیشە سیاسەتێکی ئەو حیزبە بووە.

ئەوان تەرمەکانیان بەعسیئاسا بەکۆمەڵ کردبوو بەژێر گڵدا و بەدوای ناڕەزایەتیەکی زۆری خێزان و کەسوکار و هاوڕێیانی کوژراوەکان و حیزب، بردیاننە گۆڕستانێکی ئاسایی و ناشتنیان. ڕۆژی ئەنجامدانی تاوانەکەش هیچ ئاسەوارێکیان لە شێواز و هۆکاری کوشتنیان لە (پزیشکی دادی) نەهێشت و ئەسڵەن تۆماریان نەکرد کە ئەم کەسانە کوژراون، تا بەمجۆرە لە یاسا و دادگا گاڵتەجاڕانەکەی خۆشیاندا سەرەداوێکی ''بەڵگەیی'' نەهێڵنەوە، کە هەمیشە بۆ بیانووهێنانەوە و خۆدزینەوە لە بەدواداچوونی تاوانەکە بە دەستیانەوە گرتووە و بەدەستیەوە ئەگرن.

بەڵام لە ساڵی ٢٠١١ ەوە کە دەرفەت بۆ خێزانەکان و حیزب هاتەپێشەوە تاکو داوا تۆماربکەین و داوای سزادانی تاوانباران بکەین، دیسان بیانوی ''بێبەڵگەیی''ان هێنایە پێشەوە. بەمجۆرە ناچاریان کردین گۆڕەکانیان هەڵبدەینەوە تاکو سەرلەنوێ توێکاری بۆ تەرمەکانیان بکەن و هەر ئەو دادوەرانەی کە بەشێکیان ڕوداوەکە بەبەرچاویانەوە و بەڕۆژی ڕوناک ڕوویداوە قانع ببن کە ''بەڵێ بەڵگە هەیە لەسەر کوشتنیان''. سەرئەنجام بەشێک لە سەرپەرشتیکاران و بەشداران لە تاوانەکەدا لەلایەن دادگاوە داواکران کە بریتی بوون لە: نەوشیروان مستەفا، عومەری سەید عەلی، مستەفای سەید قادر، خەسرەو گوڵ، سەرکەوتی کوبە، سەعدی ئەحمەد پیرە. بە قسەی دادوەر، بەبیانوی مەرگ، نەوشیروان مستەفا لە چنگی دادگا ڕزگاری بوو، ئەوانی تریش جگە لەوەی هەندێکیان تاوانەکانیان سەلمێنرا لەلایەن دادگاوە، کەچی بەدواداچوونی جدی بۆ مەلەفەکانیان ناکرێت و هەرجارە کێشەیەکی ناشایستە ئەکەنە بیانو بۆ دواخستنی دوابڕیار بەسەر تاوانباراندا.

هەر لێرەدا پێویستە بووترێت کە سەرباری ئەوەی ئەم دۆسیەیە لەڕێی ئێمە و دادگاوە گەیشتۆتە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم و دادگای گشتی، بەڵام بە فەرمانی گەورە بەرپرسانی حکومی ڕاگیراوە و دیزەبەدەرخۆنەیان کردووە. واتە ئەوە تەنها دادگای سلێمانی نییە بەمجۆرە ڕەفتاری لەگەڵ دۆسیەکەدا کردووە، بگرە دەزگاکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمیش بەهەمان فەرامۆشییان سپاردووە. کوشتارێک کە ڕوودانەکەی بەبەرچاوی خەڵک و خودی بەرپرسان و دادوەرانەوە کراوە و لە هەر شوێنێکی دنیادا بووایە و دادوەرێکی ویژدانبێدار هەبووایە، تەنانەت وەک تاوانێک دژ بە کۆمەڵگە و تاوانی گشتی ئەیتوانی دەخاڵەتی تیا بکات و تاوانباران ڕاپێچی دادگا بکات و سزای گونجاویان بدات.

ئەوجۆرە ڕەفتارەی یەکێتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان کردی و تەسلمینەکردنەوەی تەرمەکان بە کەسوکاریان و شاردنەوەی هەر ئاسەوارێک و بگرە دواتر ناچارکردنیان بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکانیان، هەمان ڕەفتارە ڕەش و شومەکانی ڕژێمی بەعسی بیری ئێمە و کەسوکار و هاوڕێیانی گیانبەختکردووان هێنایەوە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ بەهێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکان زامی کەسوکار و خێزانەکانیان و کۆمەڵگە ئەکولێننەوە. بەڵام مامەڵەی دامودەزگا حکومیەکان و دەسەڵات و دادگا و دادوەرە تێوەگلاوەکانیش بەم دۆسیەیەوە نیشانەی پووچی ئەو ئیدعایەیە کە هەمیشە بۆ سەروەری و سەربەخۆیی دادگا و سیستمی دادوەری لە کوردستاندا کراوە.

لەڕوانگەی ئێمە و کەسوکاری قوربانیانیەکانمانەوە هیچ دادوەر و دادگایەک ناتوانی ئەو دۆسیەیە دابخات تاکو تاوانباران سزای خۆیان وەرنەگرن. هەربۆیە ئێمە سوود لە هەر کەناڵێکی ناوخۆیی و لە عێراق و نێودەوڵەتی وەرئەگرین بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی دادگاییکردن و سزادانی پلاندارێژەران و سەرپەرشتیکەران و ئەنجامدەرانی تاوانی ١٤ ی تەموزی ٢٠٠٠.

هەرلێرەدا بە ڕای گشتی خەڵکی کوردستانی ڕائەگەیەنین کە دۆسیەی کوشتاری کۆمۆنیستەکان، لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانییەوە، چ وەک دۆسیەیەکی سیاسی و چ وەک کەیسێکی یاسایی، تا بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی لە دادگادا، بەکراوەیی ئەمێنێتەوە.

١٢ ی تەموزی ٢٠٢٤

# کاریگەری رێکەوتنی ئێران و عێراق و حکومەتی هەرێم بەدژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی!

## نوری بەشیر

له ١٣ی تەممووزدا، کازم غەریب ئابادی، جێگری کاروباری نێودەوڵەتی دەزگای دادوەری ئێران لە دانیشتنێکدا لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی دادوەری لە پارێزگای ئەلبەرز لە باکوری ئێران، قسەی لەسەر لیستێکی ١٢٠ کەسیی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کردووە، کە داویانەتە عێراق بۆ رادەستکردنەوەیان بە جمهوری ئیسلامی و ئەو کەسانەی ناویان لەم لیستەدا هاتووە بە "تیرۆریست" وەسفکردووە و وتویەتی کە لەنزیکترین فرسەتدا دەبێت دادگایی بکرێن.

ئەم هەواڵە لەزۆرێک لەمیدیا عێراقی و کوردیەکاندا بڵاوبۆتەوە، هەرچەندە ناوەکان لەو لیستەدا ئاشکرا نەکراوە و هەروەها حکومەتی هەرێم لەوبارەوە هیچ رونکردنەوەیەکی نەداوە، بەڵام هەواڵەکە لەکەناڵی "روادو"یشەوە بڵاوکرایەوە!

چەند مانگ پێش ئێستاش دەنگۆی ئەوە بڵاوبوویەوە کە حکومەتی ئێران بەنیازە ناوی سەرکردەکانی حزبە کوردییەکان بەمەبەستی رادەستکردنیان بە ئێران بۆ دادگاییکردن بداتە بەغدا و هەولێر.

داواکردنی ئەو کەسانە بۆ رادەستکردنەوە و دادگاییکردنیان لەچوارچێوەی رێککەوتنێکدایە کە لە مانگی چواری ئەمساڵ لە نێوان ئێران، عێراق و سوریا، لەژێرناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لەلایەن کازم غەریب ئابادی، جێگری کاروباری نێودەوڵەتی دەسەڵاتی دادوەری ئێران، حەسەن شاش، سەرۆکی دادگای باڵای سوریا و لیث جەبر حەمزە، سەرۆکی رێکخراوی چاودێریی دادوەری عێراق واژۆیان کردوە. هەواڵی ئەو کۆبونەوەیەی نێوان ئەو سێ وڵاتە، لەمانگی چواری ئەمساڵدا لە ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ووردەکاری دانیشتنەکە نەخراوەتەروو.

جمهوری ئیسلامی ئێران بانگەشەی ئەوە دەکات کە بوونی حزبە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەرێمی کوردستان هەڕەشەی ئاسایشی بۆ سەر ئێران دروست دەکات. ئەو حزبانە بەوە تۆمەتبار دەکات کە چالاکی سەربازی دژی وڵاتەکەی دەکەن . بەو بیانووەوە چەندینجار بنکەکانی ئەو حزبانەی موشەک بارانکردوە لەناوچەکانی سلێمانی، کۆیەو هەولێر. هەروەها لەچەندین ساڵی رابردوودا بەسەدان ئەندامی حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی لەناو شارەکانی هەرێمی کوردستان تیرۆرکردووە.

ئەگەرچی حکومەتی عێراق بەردەوام باسی هاوئاهەنگی ئەمنیی نێوان ووڵاتەکەی و ئێران دەکات، بەڵام هێشتا دیار نیە کە دەربارەی ئەم داوا تازەیەی ئێران چ هەڵوێستێکی دەبێت، یاخود تا چ ئەندازەیەک دەتوانن فشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی و تا چ رادەیەک دەسەڵاتدارانی هەرێم دەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن! بەڵام فشارەکان بۆ تەنگەبەرکردنەوە و رێگری دروستکردن بۆ حزبە کوردیە نەیارەکانی ئێران لە هەرێم بەشێوەی جۆراوجۆر پیادەکراوە.

لەساڵی ٢٠١٨ وە جموجۆڵی سیاسی و دەرکەوتنی چەکداری حزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردیەکانی نەک تەنیا لەسەر سنورەکان، بەڵکو لەناو بارەگاو کەمپەکانیاندا مەحدود کردوتەوەو تا ئاخرینجار لە ١٩ی ئازاری ٢٠٢٣دا لە بەغدا، عێراق و ئێران یاداشتێکی ئاسایشی هاوبەشیان واژۆکرد کە قاسم ئەعرەجی، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەوکاتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران واژۆکەیان کرد. یاداشتەکە وا هاتووە کە هاوئاهەنگی



لەرووی پاراستنی سنووری هاوبەشی نێوان هەردوو وڵاتی لەخۆگرتووە.

کازم غەریب ئابادی لە زمانی ئێرانەوە وتوویەتی ئەم جوولەیە بەشێکە لە هەوڵێکی بەرفراوانتر بۆ رووبەڕووبوونەوەی " تیرۆر "! وتوویەتی داوای هاوشێوەی ئەم داوایە لە وڵاتانی دیکەی پەیوەندیدار کراوە. بەڵام ئەم جووڵە تازەیەی ئێران دوای دەورەیەک لە هێرشی مووشەکی و ئاسمانی ئێران دێت بۆسەر بارەگاو کەمپەکانی ئەو حزبانە لە هەرێمی کوردستان و هەروەها بۆ سەر شارەکانی کوردستان بەتایبەتی هەولێر، بەبیانوی لێدان لەگروپە چەکدارەکانی نەیاری خۆی و بنکەو بارەگاکانی ئیسرائیل!

هەر لەساڵی ٢٠٢٣ دا بڕیاری چۆڵکردنی شوێنەکانیان و کۆکردنەوەی هەموو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی لە کەمپی گەورەدا درا کەلەلایەن حکومەتی عێراقەوە سەرپەرشتی بکرێت. ئەم کارەشیان بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان سپاردوە. ئەگەرچی حکومەتی هەرێم حزبە دەسەڵاتدارەکانی ناوی نایانەوێ ئاماژە بەو هەوڵانە

بکەن و هیچ قسەیەکی لەسەر ناکەن، بەڵام شاراوە نیەو ئێران بەئاشکرا ئەمەی راگەیاندووە. تەنانەت بەرپرسانی حکومەتی ئێران ئەوەش ناشارنەوە کە هێرشەکانیان لەچەند ساڵی رابردوودا بۆسەر بارەگاکانی حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردیەکان لە کوردستانی عێراقدا، لەچوارچێوەی رێککەوتنێکی ئاسایشیدا بووە لەگەڵ حکومەتی هەرێم و عێراقدا.

باسم عەوادی، گوتەبێژی حکومەتی عێراق رۆژی ٢٨ی ٨ی ٢٠٢٣ لە تویتێکدا لە تۆری کۆمەڵایەتی ئێکس رایگەیاند، عێراق رێککەوتنی لەگەڵ ئێران واژۆ کردووە و تێیدا باس لە رێگریکردن لە دزەکردنی چەکداران، رادەستکردنی داواکراوان، چەکداماڵین و لابردنی سەربازگەکان کراوە و پابەندبوونی خۆشیانی بۆ جێبەجێکردنی راگەیاندووە. بەدوای ئەودا قاسم ئەعرەجی، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق ، رۆژی ٤ی ئەیلوولی ٢٠٢٣ سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لە هەولێر لەگەڵ رێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم و لە شاری سلێمانی لەگەڵ بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆبۆتەوە؛ توندتۆڵکردنی سنوور یەکێک لە مژارەکانی نێوانیان بووە. ئەمانە لە رۆژی ٦ی ٩ی ٢٠٢٣دا لە ماڵپەڕی رووداودا بڵاوکراوەتەوە. دیارترین خاڵی رێککەوتنەکەش دوورخستنەوەی هێزە کوردیەکانی ئێران بوو لەسەر سنوورەکان و چەکداماڵینیان بوو.

بێگومان توندکردنەوەی فشارەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆسەر حزبە کوردیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە هەرێم، لەلایەکەوە لەچوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسی و ئەمنیی ناوچەیی و جیهانیدا روودەدات کە ئێران ئیحساسی توانایی و دەخالەتی زیاتری خۆی دەکات لەناوچەکەدا و بەتایبەتی لەعێراقدا، کە ئەمریکا بەشێوەیەکی دراماتیکی پاشەکشەی پێکراوە. لەلایەکی دیکەوە، بەسوود وەرگرتن لەو فاکتەرەی یەکەم، دەیەوێ لەرێگای کوتاییهێنان بە بوونی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی رژیمەکەی لە کوردستانی عێراقەوە، ئەو دۆخە سیاسیەی بەدوای نارەزایەتیەکانی دووساڵ لەمەوبەری ئێران کە دەسەلاتی رژیمی ئیسلامی هەژاندووە، بە قازانجی دەسەلاتەکەی هێور و دابمرکێنێتەوە، بەتایبەت کە کوردستانی ئێران مەیدانێکی سیاسی گەورەی نارەزایەتیەکان و خرۆشانی جەماوەری بەناوی بزوتنەوەی"ژن، ژیان، ئازادی" بوو و فەزای گشتی نارەزایەتی دژی رژیمی ئیسلامی بەشێوازی دیکە بەردەوامە کە زیاتر خۆی لە نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتنە کرێکاریەکان و خانەنشینان و مامۆستایان و ... تاد. بەرجەستە دەکات!!

داواکردنی لیستێکی سەدوبیست کەسی لەرابەرانی حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردیەکان و توندکرنەوەی ئەم فشارو هێرشانەی ئێران بەدوای هەڵبژاردنی مەسعود پزیشکیاندا دێت، کە بەڵێنی جۆرێک لە "ئاشتبونەوەی گشتی" راگەیاندا! هاتە کوردستان و بە زمانی کوردی وتاری دا تە سیمایەکی نوێ لە سیاسەتی تازەی حکومەگتی ئیسلامی نیشان بدات! بەڵام ئەو داوایەی رژێم بۆ رادەستکردنەوەی بەرهەڵستکارانی رژێم، بەڵگەیەکی بێگومان لەسەر ئەوەی کە ئەم سەرۆکە بەناو ریفۆرمخوازە، درێژەپێدەری رێگای هەمان سەرۆکی کۆنەپارێز و توندڕەوو مرۆڤکوژی پێشوو، ئیبراهیم رەئیسیە!

کاریگەریەکانی ئەم بریارو هێرشانەی جمهوری ئیسلامی ئێران و ئەو رێکەوتنانەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمدا ئەنجامی داون، تەنیا ئەوە نیە کە ژیانی ئەو ١٢٠ کەسە لەرابەرانی حزبە سیاسیە کوردەکانی ئێران دەخاتە مەترسیەوە، تەنانەت هەرئەوەش نیە کە ژیانی هەزاران ئەندامی ئەم حزبانە و خێزانەکانیان دەخاتە بەر مەترسیەوە، بەڵکو ژیان و ئەمنیەتی خەڵکی کوردستانیش رووبەرووی مەترسی دەکاتەوە و دەستی جمهوری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان زیاتر ئاوەڵا دەکات بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە گڵاوەکانی خۆی و کردنی هەرێمی کوردستان بە مەڵبەندی تەراتێنی هێز و گروپە تیرۆریستیەکانی سەربەخۆی و بۆ مەیدانێکی کێشمەکێش و ململانێی خۆی لەگەڵ نەیارەکانی خۆیدا.

بۆ رێگریکردن لەم پیلان و هێرشانەی رژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران و رێکەوتنی قێزەونی سێقۆڵی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق ئێران، پێویستە رێزی فراوانی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستان و عێراق بەهاوپشتی جیهانی بەرەی ئازادیخواز و کرێکاری و چەپ و سۆشیالیست، بێنەمەیدان و بەشێوازی جۆراوجۆر دژی ئەو پیلانە نارەزایەتی جەماوەری فراوان بەرێبخرێت، تا حکومەتی هەرێم و عێراق ناچار بکرێن لەو رێکەوتنە شەرماوەرو کۆنەپەرستانەیە بێنەدەرەوەو ئازادی هەڵسورانی سیاسی بۆ سەرجەم هێزو حزبە سیاسیەکانی نیشتەجێی کوردستانی عێراق زامن بکرێ و بەرامبەر بە هەرەشەکانی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە پارێزراوبن.

تەمموزی ٢٠٢٣

**حزبە سیاسیەکانی نەیاری رژێمی ئێران نەک هەر مافی خۆیانە لە هەرێمی کوردستان هەڵسوڕانی سیاسی ئەنجام بدەن، بەڵکو مافی خۆیانە لەناو ئێران و کوردستانی ئێراندا ئازادانە چالاکی سیاسی بکەن. بۆیە هەجۆرە پیلانێک بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەندامانی ئەو حزبانە بە رژێمی درندەی ئیسلامی ئێران، تاوانێکە بەرامبەر بە بەها مرۆیی و قوربانیەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئازادیدا!**

# عەسائیبی ئەهلی حەق و خوێندنی باڵا

## عوسمانی حاجی مارف

بزووتنەوەی"عەسائیبی ئەهلی حەق" هەوڵی ئەوەدەدات بەرپرسیاریێتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەئەستۆ بگرێت، کە سەرپەرشتی زیاتر لە ملیۆنێک خوێندکاری عێراقی دەکات.

هەرچەندە ئەمەریکا عەسائیبی ئەهلی حەقی خستۆتە لیستی تیرۆرەوە، هەروەها سەرکردەکەیان، قەیس خەزعەلی کەوتۆتە ژێر لیستی سزاکانەوە، بەڵام ئەم گروپە بەهۆی چالاکیەکانی لەناو هەندێک کەرتی حکومەتی عێراقدا، ئیمتیازێکی بەهێز و کاریگەری فراوانیان هەیە و لە سوودی دارایی بەهرەمەندە.

پێشتر گروپەکانی سەر بە عەسائیبی ئەهلی حەق کۆنترۆڵی وەزارەتی گەشتوگوزار و رۆشنبیری و ئاسەوارەکانیان دەکرد، کە لە گەشتوگوزاردا قازانجێکی بێشوماریان لە بازرگانی خواردنەوە کحولیەکان بەدەست دەهێنا، بەڵام دواتر لەبەرامبەر کۆنترۆڵکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستبەرداری ئەو وەزارەتانە بوون، چونکە بەمشێوەیە دەیانەوێت پێگەی نوێی خۆیان لە خوێندنی باڵادا بسەپێنن، تا دەرفەتیان بۆ برەخسێت قەرەبوی کەمی گەنجان بکەنەوە لەناو هێزە میلیشیاکانیاندا. لەهەمانکاتدا هەوڵدەدەن ئەو بزووتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەی گەنجان کە هەڵوێستی ئەرێنی و لایەنگریان هەیە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی شارستانی و مەدەنی نێودەوڵەتی کە لەنێو خوێندکارانی زانکۆدا کاردەکەن، تێکبدەن. ئەو گەنجان و خوێندکارانەی کەرۆڵی سەرەکیان بینی لە نارەزایەتیەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا، بەمەبەستی تێکدانی دەسەڵاتی میلیشیاکان و کۆتاییهێنان بە حکومەتی تائفی، لەپێناو خواستە رەواکانی هاووڵاتیانی عێراق بۆ ژیانێکی باشتر و دەوڵەتێکی دوور لە نفوزی ئێران، مەیدانەکانی ناوشاریان بەدەستەوەگرت. بۆیە وەرگرتنی وەزارەتی خۆێندنی باڵا لەلایەن عەسائیبی ئەهلی حەقەوە لەرێرەوی سیاسەتی تێکدانی نارەزایەتیەکانی گەنجانی عێراقەوە، تێکدانی ئەو نارەزایەتیانەی کە بە دوای خولقاندنی تۆمارکردنی ژیانێکی شایستەو هاوچەرخ و باشترەوەن بۆ دانیشتوانی عێراق، کردۆتە ئامانج.

بەمشێوەیە عەسائیبی ئەهلی حەق و میلیشیاکانی کاردەکەن بۆ سنووردارکردنی نفوزی ئەو گروپە خوێندکارانە و دەمکوتکردنیان، بەتایبەتی لەدوای تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس لە ساڵی ٢٠٢٠دا، فراکسیۆنەکانیان کاردەکەن بۆ لاسایکردنەوەی مۆدێلی ئێرانی ناسراو بە ولایەتی فەقیە(ولایة الفقیە)، وێنەی ئەبومەهدی موهەندیسیان وەک "پاڵەوانێکی نیشتمانی" بەشێوەیەکی فراوان لە شوێنی جیاواز لەعێراقدا نمایشکردوە، وێنەکان لە شەقام و گۆرەپان و پارکە گشتیەکان و وەزارەتەکانی دەوڵەت و زانکۆکاندا هەڵواسراوە، ئەوەش کە بەکۆبوونەوەی "گروپی کورانی موهەندیس" وەک دامەزراوەیەک ناسراوە، بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ کارەکانی ناو زانکۆ و پەیمانگاکان دەکات و هەوڵدەدەن گەنجان بۆ پرسە جیاوازەکانی پرۆژەی "ولایەتی فەقیە" کێش بکەن بۆناو چەکدارە میلیشیاکان بەبیانوی روبەروبونەوەی داگیرکاری ئەمریکا و روبەروبونەوەی هەوڵەکانی رۆژئاوا لەبڵاوکردنەوەی کلتورەکەی لە کۆمەڵگەی عێراقدا. ئەوەی شایانی باسە کۆبوونەوەی گروپی "کورەکانی موهەندیس" لە نێو زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆکاندا بێوەڵام ماوەتەوە. هەرچەندە نەعیم ئەلعەبودی کە بەرپرسیارە لەرێنماییە ئایدۆلۆژیەکانی بزووتنەوەی عەسائیب، بەشداریکرد لە بەهێزکردنی کۆبوونەوەی کورانی موهەندیس لە دابینکردنی کەڤەرێکی حکومەتی بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانیان، هەروەها پاڵپشتی دارایی و سیاسی پێویستی بۆ دابینکردن.

چۆنیەتی چالاکی و گردبونەوەی کورانی موهەندیس هەوڵیانداوە لاساییکردنەوەو هاوشێوەی ئەو چالاکیانە بێت کەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق ئەنجامی دەدەن، بەڵام بە سروشتێکی جیاواز لە ناوەرۆکدا دەستیان پێکرد. بۆنمونە سپۆنسەری و ۆرکشۆپی راهێنان و دانیشتنە گشتی و تایبەتەکان و فێستیڤاڵ و کۆنفرانس ساز دەکەن، بەڵام بە ئەجێندایەک کە گرنگی بە چەسپاندنی وێنەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەدەن لەبەرامبەر باقی دامەزراوە ئەمنیەکانی دەوڵەتدا، لەهەمانکاتدا جگە لە گرنگیدان بە بابەتەکانی فیقهی کەرەهەندی سیاسیان هەیەو پەیوەندیان بەو هەڵوێستەوەیە کەبەرامبەر بە وڵاتانی وەک ئەمریکا، بەریتانیا، و باقی وڵاتانی ئەوروپا و هاوپەیمانە عەرەبیەکانی لە ناوچەکەدا وەها دەوستنەوە، کە رەواجدانە بە دامەزراندنی هەڵوێستێکی دوژمنانەو نەرێنی بەرامبەریان. لە لایەکی دیکەوەوەها ئێران دەناسێنن، کە وەک تاکە پارێزەری عەقیدەی شیعە و پێویستی هاوسۆزی شیعەکانی عێراقە. جگە لە پروپاگەندەی تەقلیدی بۆ"وەلایەتی فەقیە"، کۆبوونەوەی کورەکانی موهەندیس میوانداری سیاسەتمەداران و سەرکردەکانی ناو هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکەن بەناوی ئەوەی کە مەیلی دڵسۆزیان بۆ خوێندکارانی زانکۆ هەیە!.

لەلایەکی ترەوە کورەکانی موهەندیس هەوڵدەدەن کاریگەری لەسەر گەنجانی شیعە هەرە کۆنەپەرستەکان دروست بکەن، کە بە نەریتی خۆیان دەسەڵاتی نەجەف پەیرەو دەکەن، بۆیە لەو لایەنەوە سەرکەوتوو دەبن لەراکێشانی خوێندکارە کۆنەپەرستە شیعەکان بەرەو مۆدێلی ئێرانی، بەڵام نەیانتوانیوە کاریگەریان هەبێت لەسەر خوێندکارانی عەلمانی و ئەوانەی کە پابەندنین بە ئاینەوە.

پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە نێوان هێزەکانی حەشدی شەعبی و کۆمەڵەی کورانی موهەندیس هەیە، وەک یەکێک لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، وەک کۆمەڵەیەکی خوێندکاران، کورانی موهەندیس وەک فەرمانبەرانی دەزگای ئەلحەشد

مووچە وەردەگرن و سەرچاوەی دارایان هەیە، پشتیوانی ئەم گروپە کە لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە وەک دامەزراوەیەک دەدرێت، بە مەبەستی دابینکردنی بەرگێک کەرێگە بدات چالاکیەکانیان بەڕێوەبچێت.

لەچەندین بۆنەدا، حەشد ئامرازێکیان بۆ کۆبونەوەی کورەکانی موهەندیس دابینکردوە، کە بریتی بووە لە ئاسانکاری بۆ چوونەژورەوەی وێنەی قاسم سولەیمانی و هێما سیاسیەکانی دیکەی دەوڵەت بۆ ناو کەمپی زانکۆ، هەروەها لۆبیکردن بۆئەوەی ڕێگە بدرێت بە بەکارهێنانی پۆلەکانی کۆلێژ بۆ میوانداری لە وۆرکشۆپ، خول و کۆبونەوە بۆ کورانی موهەندیس ڕێکبخرێت.

لەبەرامبەردا، کۆمەڵەی کورانی موهەندیس پەنجەرەی گونجاو بۆ هێزەکانی حەشد دابینەدەکەن بۆ دەستنیشانکردنی خوێندکارە سەرکەوتوەکان لە بوارەکانی ئەندازیاری و ڕاکێشانیان بۆ کارکردن لەسەر پرۆژەکانی پەیوەست بە دروستکردنی"کۆمپانیای ئەندازیار"، هەروەها پرۆژەکانی دروستکردنی مووشەک و فرۆکەی بێفرۆکەوان بۆ میلیشیاکان.

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە دۆخەکەی زیاتر ئاوالاکردەوە بۆ کورەکانی موهەندیس لە ئەنجامدانی چالاکیەکانیان، پێش دامەزراندنی ئەم گروپە واتە کورانی موهەندیس، وەزیری پێشووی خوێندنی بالا (عەلی العادیب) بڕیاریدا سەرجەم هێزە ئەمنیەکانی بەرپرسیار لە پاراستنی زانکۆکان بگۆڕن بە کوتلە چەکدارەکانی دیکەی سەر بە زانکۆکان. لەوکاتەدا ئامانجی ئەم هەنگاوە ڕوبەڕوبونەوەی پەرەسەندنی زەریای مەدەنی و شارستانی بو لە نێو خوێندکارانی زانکۆدا، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادیە گشتیەکان لەناو زانکۆدا و هەڵوەشاندنەوەی دەرکەوتنی دیاردەی شارستنی لە زانکۆدا.

هەرچەندە لەوکاتەدا هیچ نیازێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندیدار بە کورانی موهەندیس نەبو، بەڵام ئەم هەنگاوە ئێستا سوودی بۆ کورانی موهەندیس هەبوو، ئاسانکاری کرد بۆ چوونە ناو دامەزراوە پەروەردەییەکان و ڕووماڵکردنی چالاکیەکانیان لە زانکۆدا. هەمان ئەندامانی فراکسیۆن لەسەردەمی عەلی ئەلعادیەوە تائێستا بەردەوام بوون و هاوسۆزیەکی زۆریان بۆ گروپی کورانی موهەندیس و ئەو ئامانجانە هەیە کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن.

نەعیم العبودی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی وەزارەتی خوێندنی باڵای وەک بەشێک لە حکومەتی محمد شیاع ئەلسودانی بەدەست هێنا، گەورەترین گۆڕانکاری ئیداری لە مێژووی وەزارەتەکەدا بە قازانجی "ولایەتیەکان" بەکاهێنا، نەعیم العبودی، ناسراوە بەوەی سەر بە میلیشیای (عەسائیبی ئەهلی حەق) و وتەبێژی فەرمی و نوێنەری ئەو بزووتنەوەیەیە، جگە لەوەی بەرپرسیارێتی سەرپەرشتی عەقیدەیی لە بزووتنەوەکە لە ئەستۆ گرتووە، بووە پاڵپشتی ڕۆڵی کورەکانی موهەندیس، لەوڕێبازەی لەنێو خوێندکاراندا پەیرەوی لێدەکەن.

سەرەڕای ئەو دەستکەوتانەی لایەنگرەکانی ئێران لەناو ئیدارەی زانکۆدا بەفەرمی بەدەستیان هێناوە، بەلام هیچ قبوڵکردن و هیچ جۆرە ڕەزامەندیەک لەنێو خوێندکاراندا نیە بەرامبەر بەو کارەی کە کۆمەڵەی کورەکانی موهەندیس دەیکەن، یان هەریەکێک لەو گۆڕانکاریە ئیداریانەی کە دەوریانداوە. لەیەکێک لە نمونە تۆمارکراوەکاندا، کۆبونەوەی کورانی موهەندیس ئاهەنگێکیان لە زانکۆی واست – کۆلێژی پزیشکی ددان سازکرد، تەنها(٣) خوێندکار لە کۆی ٨٣ خوێندکار لەیەکێک لە قۆناغەکانی کۆلێژەکەدا بەشداریان کرد. ڕێژەی هاوشێوە لە پارێزگا و زانکۆ جیاوازەکاندا بەردەوامە و فۆرمی ڕەتکردنەوەی خوێندکاران لە ئامادەنەبون و بایکۆتکردنی ئەم بۆنانە و تەنانەت هێرشکردن و تێکدانیان لە هەندێک حاڵەتدا درێژدەبێتەوە.

لەیەکێک لە دیمەنەکانی ڕەتکردنەوەی خوێندکاران لەبەرامبەر ولایەتیەکاندا، ئەوەبو کە لە بەشی ئەندازیاری شارستانی – زانکۆی تەکنەلۆجیا ڕوویدا، لەسەر وێنەی ئەبومەهدی موهەندیس بوو، تەنها بۆئەوەی لەلایەن خوێندکارانەوە تێک بدرێت هێمای " X"ێکی گەورە درا بەسەر وێنەکەدا. خوێندکاران وەک دروشمێکی دژە ئێران تەعبیریان لێکرد.

لەلایەکی ترەوە چالاکیەکانی کورانی موهەندیس کاریگەریان لەسەر ژنان هەیە، ڕێگەیان داوە چەندین خوێندکاری کچ بۆ خۆیان ڕابکێشن و کلتوری نیقاب و حیجابی توند لەناو زانکۆکاندا بڵاوبکەنەوە. بەڵام گروپی خوێندکاری ژنان کە بەشدارن لەم چالاکیانەدا دەگۆڕدرێن بۆ گروپی دابڕاو لە باقی خوێندکاران، ئەمەش سەرلێشێواوی بۆ کۆمەڵگەی زانکۆی گەنجان پێکدەهێنێت.

گەنجانی پێشڕەوی ناڕازی کە مەیدانی تەحریری بەغداو ناوەندی شارەکانی خواروویان لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩وە هەژاند، پێویستە زیاتر مەترسی کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکان بەسەر خوێندکارە گەنجەکانی عێراقدا بە هەڕەشەیەکی ستراتیژی درک پێبکەن، کە هەوڵەکان بۆ هەبونی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و هاوچەرخ و ئازاد و خۆشگوزەران تێکدەدەن. ئەم کۆنترۆڵە میلیشیایە هەڕەشە لەئاسۆ و خواستی گەنجانی عێراق دەکات بۆ کرانەوە بەڕووی جیهان و ژیانێکی ئاسودەو هاوچەرخدا، ناسینەوەی مەترسیداری ئەم گروپە بەوڕادەیە پێویستە کەوەک داعشێکی تازە پێناسەبکرێت و مامەڵەی بکرێت.

گرنگترین فرسەتێک بۆ گەشەپێدانی ناڕەزایەتی گردبونەوەو خۆڕێکخستنی خوێندکاران و گەنجانی عێراق، خۆڕێکخستنە بەدەوری ڕێکخراوێکی جەماوەری سەربەخۆ، کە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی خەڵک ئامانجی بێت، هەنگاوێکی پێشڕەوانەیە لەڕاستای کۆتاییهێنان بە تەواوی دەسەڵاتی هێزە ئیسلامی و تائیفی و نەتەوەپەرستی میلیشیاکان و هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستای عێراق، وەک بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی جەماوەری و کۆمەڵایەتی بەڕێ بخات.

---

بۆ هەندێ زانیاری سود لە وتارێکی جەواد مەهدی کە توێژەرێکی عێراقیە، وەرگیراوە بە ناونیشانی:

"الاستيلاء التدريجي على التعليم العالي في العراق"